# دیدێکی جوگرافی، دەربارەی هزر و فەلسەفەی پەرەپێدانی مرۆیی

# منظور جغرافي حول فكر التنمية البشرية وفلسفتها

# A geographical perspective on human development thought and philosophy

**محمد مهدی کریم[1]، جەزا تۆفیق تالیب[2]**

[1] بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، شاری کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤیەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: mohammed.mahdi@garmian.edu.krd

## پوختە:

پرسی "پەرەپێدا"؛ هاوشێوەی هەر پرسێکی تر، لە جیهانی تۆربەندیی ئەمڕۆدا، خاوەنی ڕەهەندی جیاوازی (کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ژینگەیی و دامەزراوەیی)ە، لەبەرئەوە لەناوکایە جیهانییەکاندا لێکدانەوە و ئارگیۆمێنتی جیاوازی بۆکراوە و هەر ڕەوتێک بەگوێرەی جیهانبینیی تایبەتی خۆیی و تێگەیشتن و بەرژەوەندییەکانییان پێواژۆکەیان داڕشتۆتەوە، بۆیە توێژینەوەکە؛ هەوڵێکە بۆئەوەی لەڕێگەیەوە بە دیوی ڕاستیی (پەرەپێدان) بگەین، وەڵامی کۆمەڵێك پرس بدەینەوە و بزانین ئایا هزر و فەلسەفەی پەرەپێدان چییە و چەندە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤ گرنگە، مێژووی سەرهەڵدانی پەرەپێدان لەکوێوە دەستپێدەکات، پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکانی دانیشتووان و پەرەپیدان چیین، هەروەها دەیەوێت بۆچوون و دیدی هەریەك لە ماڵتۆسی و ماڵتۆسیە نوێیەکان، لەگەڵ بۆچوون و جیهانبینیی ڕەوتی (دیدی پەرەپێدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە دانیشتووانییەکان)، سەبارەت بە "پەیوەندیی نێوان دانیشتووان و پێواژۆی پەرەپێدان" ڕوونبکاتەوە و بزانێت جیاوازییان چییە، تەنانەت هەریەک لە چەمکەکانی پەرەپێدان و پەرەپێدانی مرۆیی خستۆتەڕوو، دەرکەوتووە، کە بیرمەند و ڕەوتە هزرییەکان لەئاست پێواژۆی پەرەپێداندا یەك بۆچوون و ئاراستەیان نییە، بەڵکو تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ پرسی پەرەپێدان هەیە.

**وشە کلیلییەکان:** (ڕوانگەی جوگرافی، پەرەپێدان، پەرەپێدانی مرۆیی، هزر، فەلسەفە)

## ملخص:

مسألة "التنمية" ؛ مثل أي قضية أخرى، في عالم اليوم المتشابك ، لها أبعاد مختلفة (اجتماعية وسياسية وبيئية ومؤسسية) ، لذلك تم تفسيرها ومناقشتها بشكل مختلف في المجال العالمي. هذه الدراسة؛ محاولة للإجابة على عدد من القضايا ومعرفة ماهية فكر وفلسفة التنمية ومدى أهميتها بالنسبة للمجتمع البشري. كما أنها تسعى لتوضيح آراء المالتوسيين والمالثوس الجدد ، مع وجهات النظر والنظرة العالمية للاتجاه (وجهة نظر التنمية لحل مشاكل السكان)، حول "العلاقة بين مفاهيم السكان والتنمية" ومعرفة ما هي الاختلافات. أظهرت الدراسة أن المفكرين والحركات الفكرية ليس لديهم نفس وجهات النظر والتوجهات حول مفهوم التنمية ، وانما هناك فهم مختلف لقضية التنمية.

**مفتاح الكلمات:**(منظور جغرافي، التنمية، التنمية البشرية، الفكر، الفلسفة)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10490 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/٢١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | mohammed.mahdi@garmian.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٣م.ی محمد مهدی کریم،پ.د. جەزا تۆفیق تالیب ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

the issue of "development"; Like any other issue, in today's networked world, it has different dimensions (social, political, environmental and institutional), so it has been interpreted and argued differently in the global sphere and each movement has redefined it according to its own worldview. The research; It is an attempt to get to the truth (development), and to answer some questions and see what the thought and philosophy of development and how important it is for human society, where did the history of development begin, what is the relationship between population races and development, and the views of Malthusians and neo-Malthusians, with the views and worldviews of the process (view of development to solve population problems). It has been shown that thinkers and intellectual movements do not have the same views and directions on the concept of development, but have different understandings of the development process.

**Keywords:** (Geographical Perspective, Development, Human Development, Thought and Philosophy)

## پێشەکی:

لە جیهانی ئەمرۆدا؛ جگەلە نابەرانبەریی جوگرافیایی و ژینگەیی، ئاستی پێشکەوتن و توانای بەڕێوەبردن و هێزی سیاسی و ئابووریی وڵاتان نابەرانبەرن، گوزەران و شێوازەکانی بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوان لەیەك ئاستدا نین، تەنانەت ئاسانکارییەکانی ژیان و بەردەستیی خزمەتگوزارییەکان بۆ هەمووان وەك یەك نین، ئەم نابەرانبەرییانە بە جۆری سیستمی حوکمڕانی و ڕادەی پێشکەوتنی وڵاتان و ئەزموونی مێژوویی کۆمەڵگەکانەوە پەیوەستن. لەدوای قۆناغی مۆدێرنە و دروستبوونی (دەوڵەت-نەتەوە) ـەوە، لە شانۆی سیاسیی جیهاندا هەریەك لە (هاوکێشەی هێزی دەوڵەتان، کێبڕکێی فراوانکردنی پانتایی دەسەڵات)، شوێنەواری گەورەیان لەسەر بارودۆخی دانیشتووان (لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی) بەجێهێشتووە، لەم نێوەندەدا (جەنگەکان، بڕیارەکان، ڕێکەوتنەکان، ...هتد) بەرهەمی گەمەی سیاسین و ڕاستەوخۆ لە شێواز و بارودۆخی ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕەنگدانەوەیان دەبێت، بەشێکی دەوڵەتان لەناو هاوکێشەکەدا لەڕیزی وڵاتانی زلهێزی جیهاندان و بە داڕێژەری سیاسەتی جیهانی ناسراوون، لەکاتێکدا چارەنوسی بەشێکی تریان بەویستی وڵاتانی زلهێزەوە بەستراوەتەوە.

## یەکەم: سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونی مێژوویی (هزر و فەلسەفە)ی پەرەپێدان

ئەگەر سەرەتا بەو پرسیارە دەستپێبکەین: "مەبەست لە هەڵدانەوە و زانینی مێژووی مرۆڤایەتی چییە؟"، ڕەنگە تاڕادەیەک بتوانین بەئاسانی وەڵامێکی سەرەتایی بدەینەوە، بەوەی؛ ڕاستییە مێژووییەکان دەتوانن ئەو ئاراستانەمان بۆ دەربخەن، کە مرۆڤەکان چۆن لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بارودۆخ و گوزەرانی خۆیان بەڕێکردووە، لە بەشێکی زۆری ئەم مێژووەدا؛ زۆرێک لە "ئابووریزانە دیار"ەکان زیاتر لە دۆخی _خودی مرۆڤ_ گرنگییان بە بەرهەمە مادییەکانی داوە، واتە دروستکراو و بەرهەمەکانی مرۆڤ لە خودی خۆی گرنگتربوون. لەگەڵ بەردەوامیی هەمان مێژوودا، بەشێکی زۆری بیرمەندان و فەیلەسوفان، لە دیارترینیان: (ئەرستۆتاڵیس، مارکس، ئەنگلز) لەو کەسانەبوون توانیان ئەوە هەستپێبکەن، کە دامەزراوە و دروستکراوەکانی مرۆڤ هێواش هێواش خەریکە ئازادی و مافی ژیانی بەشێکی زۆری مرڤەکان لەپێناو بەشێکی تریاندا ناهێڵن، لەکاتێکدا بەبێ بوونی ئازادی درک بە ژیانێکی شایستە ناکرێت (باغشتی، ٢٠١٩: ٦١-٦٢). لێرەوە ئیدی وەڵامی پرسیارەکە ئاسان نابێت، تەنانەت ڕێگەچارە و میکانیزمەکانیش توانای پراکتیزەکردن و چارەسەری دۆخەکەیان نییە. هەموو ئەم پرسانە لەدوای ڕێنیسانسەوە هزری (پەرەپێدان)یان هێنایە بوون.

لە سەدەی شازدەیەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، بە شێوەیەکی پلەبەندی زانست و ژیری شوێنی فەوزاکانیان گرتەوە، لەئەنجامدا چینێکی

خوێندەوار بەرهەمهات، دەیانویست پرسەکان لەڕێگەی لۆژیک و ژیرییەوە یەکلایی بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش زانست و داهێنراوەکانیان خستە خزمەت گەشەکردنی ئابوورییەوە، بڕوایان وابوو (پەرەپێدان) لەڕێگەی (گەشەی ئابووری)ەوە بەدیدەهێنرێت (عاشور، ٢٠٠٨: ٣٧-٣٨). کۆمەڵزان (تالکوت بارسونز) لەساڵی (١٩٦٣)دا توێژینەوەیەکی دەربارەی "بەرەوپێشچوون" ئەنجامدا، تیایدا جەختی لە زۆرێک لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی کردەوە، ئەوەی خستەڕوو کە کۆمەڵگەکان گۆڕاون و مۆدێل و شێوازی جیاواز لە ژیان پەیڕەودەکەن، لە شێوازی کلاسیکییەوە بۆ شێوازی نوێ و مۆدێرن پەڕیونەتەوە، ئەم بارودۆخەش پێویستی بە خۆگونجاندن و پاڵپشتییەکی ڕێکخراوە تاکو پەرەی پێبدرێت، کۆمەڵگەیەکن توانیویانە دامەزراوە بیرۆکراتییەکان، بانک، بازاڕ و سیستمە یاساییە گشتییەکان وەگەڕبخەن، لەسەر ئاستی گشتی و تایبەتیش پەیوەندییەکی دیموکراسی فەراهەمبکەن. هەموو ئەمانە پێویستیان بە ڕێگەی خۆگونجاندن هەیە، تاکو هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەکان دووبارە بە مۆدێلێکی تر سازبکاتەوە، لەم نێوەندەدا ئەوروپییەکان (ڕۆژئاوا بەگشتی)؛ بەهۆی پێشکەوتنەکانیانەوە توانیان بەتەواوی لەگەڵ دۆخەکەدا خۆبگونجێنن و بەسەر کۆمەڵگەکانی تردا سەربکەون، سەرئەنجام لە بەرهەمهێنانی هزری پەرەپێداندا بوونە ناوەندی پرسەکە (روبیرتس، ٢٠٠٤: ١٢٧-١٢٨).

لەدوای وێرانکارییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، (هزری پەرەپێدان)؛ گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لە گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانە، وەرچەرخانی پرسەکە بوو لە قۆناغی تیۆری و تێزەوە بۆ قۆناغی جێبەجێکردن و پراکتیزەکردن، لە پێناو ئاوەدانکردنەوە و بەرەپێشبردن و گەشەپێدانی وڵاتاندا، کە دواجار بووەهۆی پەرەدان بە خودی چەمکی (پەرەپێدان) (غنيمي، ٢٠٠٧: ٥-٧). واتە لەگەڵ نەمانی جەنگ و کاڵبوونەوەی شوێنەوارەکانیدا، هاوکات سەقامگیربوونی دۆخی ڕامیاری و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا، چەمک و هزری پەرەپێدان قۆناغ بەقۆناغ لەگەڵ بەرەوپێشچوونەکانی مرۆڤ و گۆڕانکارییە جیهانی و ژینگەییەکاندا، نوێدەبوویەوە.

لەسەرەتای دەرکەوتنیدا، هزری پەرەپێدان زیاتر لەسەر پرسەکانی (باشترین بەکاربردن، خۆبژێوی و خستنەگەڕی دەرامەتەکان لە پیکهێنانی گەشەی ئابووری) دەوەستایەوە، واتە گرنگترین مەبەست و ئامانجی پەرەپێدان بریتیبووە لەوەی زۆرترین بەرهەم و داهات بە کەمترین تێچوون دەستەبەربکرێت، ئەم ئاراستەیە تاکو سەرەتای شەستەکان بەردەوامیی هەبوو، دواتر هەریەک لە پرسەکانی (دادپەروەریی شوێنی و دابەشکاریی پەرەپێدان)ی بۆ زیاد بوو، بۆ ئەم مەبەستانەش هەریەک لە میکانیزمەکانی: (دڵنیایی، خاوەندارێتیی گشتی، زیادکردنی ڕۆڵی ئابووریی دەوڵەت) بەکاردەهێنران (علام و عبدالعال، ٢٠١٣: ١٣). جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە جیهانی بۆ دوو بەرەی (باکوور و باشوور) دابەشکرد، واتە وڵاتانی پیشکەوتوو و وڵاتانی دواکەوتوو، هەرچەند ئەم دیاردەیە پێشتریش ڕیشەی هەبووە، بەڵام لێکەوتە و ئەنجامەکانی لەدوای پرۆسەی پەرەپێدانەوە زەقتربوونەوە، تەنانەت باڵانسی هێز و هەژموونی وڵاتانیشی دیاریکرد، کۆمەڵێک لە دەوڵەتان بوونە ناوەندی دەسەڵاتی ڕامیاری و ئابووری و تەکنەلۆجی، لە بەرامبەردا بەشێکی تری وڵاتان و ناوچەکانی جیهان بوون بە پاشکۆی وڵاتانی ناوەند و چارەنوسیان بە ویستی ئەوانەوە گرێدرابوو.

گرنگترین کاریگەری و لێکەوتەکانی پاش ئەنجامدانی پرۆسەی پەرەپێدان؛ بریتیبوو لە دەرکەوتن و جێگیربوونی کۆمەڵێک چەمک، کە گوزارشتیان لە دۆخی پێشکەوتن و ئاستی گوزەران و هەژموونی وڵاتان دەکرد، لەگرنگترینیان چەمکەکان: (وڵاتانی پیشەسازی، وڵاتە پێشکەوتووەکان، وڵاتانی خاوەن بازاڕی ئازادی پێشکەوتوو، وڵاتانی کۆمۆنیستیی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و یەکێتیی سۆڤیەت)، هەروەها لە بەرامبەردا کۆمەڵێک چەمکی تر، کە پێکهاتبوون لەهەریەک لە: (وڵاتانی تازە گەشەکردوو، وڵاتانی کۆمۆنیستیی ئاسیا)، کە تاڕادەیەک بازاڕێکی نیمچە پێشکەوتوویان هەبوو دەرکەوتن، جگە لە چەمکی (وڵاتانی جیهانی سێیەم)، کە ئاماژە بوو بۆ ئەو وڵاتانەی دۆخی ئابووریی لاواز و ڕامیارییەکی دیکتاتۆری و گەندەڵ و بەرزیی ڕێژەی هەژاری و نزمیی ئاستی ژیان و گوزەران و برسێتی، بەسەریاندا زاڵبوو (اللجنة العالمية للبيئة والتنمية، ١٩٨٧: ١٢).

دواتر؛ لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، جارێکی تر گۆڕانکاریی ڕیشەیی و گرنگ لە هزری پەرەپێداندا ڕوویدا، بە دیاریکراوی لەکۆتایی دەیەکەدا و لە ساڵی (١٩٨٧) دا، لیژنەی جیهانی بۆ ژینگە و پەرەپێدان لەژێر دروشمی (داهاتووی هاوبەشمان) ڕاپۆرتێکیان ئامادەکرد، بەگوێرەی بنەماکانی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەم ڕاپۆرتە، پەرەپێدان؛ پێینایە قۆناغێکی گرنگەوە، کە لەگەڵ قۆناغەکانی پێشتردا جیاوازیی هەبوو، جیاوازییەکە دووربینی و درێژخایەنی (Sustainability)ی پرۆسەی پەرەپێدانەکەی تێدا بەرجەستەکرابوو، چیتر زێدەبەرهەم و دەرهێنانی تەواوی سامانە سروشتییەکان و بەرزکردنەوەی بڕی داهات ناکرێنە پێوەر بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە، بەڵکو دەبێت ئەوە لەپێشچاوبگیرێت؛ ژینگە و بنەما سەرەکییەکانی سیستمی ژینگەیی بە دروستی بهێڵرێنەوە و پشکی نەوەکانی داهاتووش لەو سامانە سروشتییانەی دەخرێنە خزمەت پەرەپێدانەکەوە فەرامۆش نەکرێت (اللجنة العالمية للبيئة والتنمية، ١٩٨٧: ٦٩-٧٠). واتە کرۆک و ناواخنی هزری پەرەپێدان لە (تاک ڕەهەندی پەرەپێدانی ئابووری)ەوە بۆ ڕەهەندەکانی: (ئابووری، ژینگەیی، درێژخایەنی) گەشەیکرد، ئەمەش بە گرنگترین قۆناغی بەرەوپێشچوونی هزری پەرەپێدان هەژماردەکرێت، چونکە چیتر چەندێتی نابێتە پێوەر و بنەمای پێشکەوتن، بەڵکو چۆنێتی و درێژەدان بە هێشتنەوەی سامانە سروشتییەکان بۆ دوورترین مەودا، دەبنە بنەما بۆ تەواوی پرۆژەکانی پەرەپێدان.

پێشکەوتنەکان؛ بەردەوامییان هەبوو، لێکەوتە و دەرئەنجامەکانی هەریەک لە: پێشکەوتنی زانست، داهێنان و دەستڕۆیشتنەکانی مرۆڤ، لێشاوەکانی شمەک و کاڵا پیشەسازییەکان، بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجی، هاوکات زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان و تەوژمەکانی کۆچکردنی دێنشیان بۆ شارەکان، دیاردەی بەشارییوونی بەشێکی زۆری دانیشتووانی جیهان، هەموو ئەم گۆڕانکارییانە پێکەوە بەشێکی خۆشبەختییەکانی مرۆڤیان دەستەبەرکرد، بەڵام لە بەرامبەردا کۆمەڵێک گرفتی نوێیان هێنا، ئەم گرفتانە پێشتر بوونیان نەبوو، بۆ نموونە (دیاردەی قەتیسبوونی گەرمی، گۆڕانی ئاووهەوا، پیسبوونی پێکهێنەرەکانی ژینگە، زۆربوونی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، کورتهێنانی خزمەتگوزارییەکان، خراپیی چۆنێتی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ لە بەشێکی زۆری وڵاتانی دواکەوتوودا) (اوینی، ٢٠١٦: ٢١-٢٦)، ئەوەی پرسەکەی کردبوو بە پرسێکی جیهانی، ئەوەبوو کە تەواوی بەشە جیاوازەکانی گۆی زەوی لەزیانەکاندا بەشداربوون، بەڵام لە دەستکەوت و قازانجەکاندا جیاواز بوون، بۆیە پێویست بوو جارێکی تر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بنەما و ڕەگەزەکانی پەرەپێدان دابڕێژێتەوە، بە چەشنێک تیایدا بنەماکان ببنە داینەمۆی دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ بەدیهێنانی خۆشبەختییەکانی مرۆڤ و چارەسەرکردنی گرفتە ژینگەییەنوێیەکان.

پاش تێپەڕبوونی چەند دەیەیەک لە پراکتیزەکردنی پەرەپێدان، کە مرۆڤ لە گەشەکردنی ئابووری و بەرهەمهێنانی کاڵا و بەرهەمی پیشەسازی و پێشخستنی تەکنەلۆجیدا ڕۆڵیدەبینی، هەروەها بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی ژینگەیی و دووربینی لەئاست درێژەدان بە سامانە سروشتییەکان، سەرئەنجام لە ساڵی (١٩٩٠)دا پرۆگرامی پەرەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) لە یەکەم ڕاپۆرتیدا سەبارەت بە بارودۆخ و گوزەرانی مرۆیی، چەمکی (پەرەپێدانی مرۆیی) ی بەکاربرد، هزرو ناواخنی چەمکەکە لەوەدا کورتدەبێتەوە؛ کە مرۆڤ خۆی جێبەجێکار و ئامانجی هەر پێواژۆیەکی پەرەپێدانە، هەر لەسەر ئەم بنەمایە لەساڵی (١٩٩١)دا بانکی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەدابوو، کە لەئێستادا گەورەترین ئاڵنگاریی پەرەپێدان بریتیە لە چۆنێتیی ژیان و گوزەران بەتایبەت لە وڵاتە هەژارەکاندا، بۆیە پێویستە چارەسەربکرێت، کەواتە لەم قۆناغەدا (پەرەپێدان) لە دەستەبەرکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانەوە بۆ: (باشترین سیستمی خۆراک، باشترین خزمەتگوزاریی پەروەردەیی و تەندروستی، کەمترین ڕێژەی هەژاری، هێشتنەوەی ژینگەیەکی تەندروست، یەکسانکردنەوەی دەرفەتەکان بۆ هەمووان، ئازادیی تاکەکەسی و پاراستنی فرە کولتووری) دەپەڕێتەوە (عاشور، ٢٠٠٨: ٤٦). جگەلەوەی چیتر مرۆڤ تەنیا ئامراز نییە بۆ هێنانەدیی پەرەپێدانی ئابووری و ژینگەیی، بەڵکو ئامانجی کۆتایی پەرەپێدانەکەیە، دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە لە هەموو بوارێکەوە باشترین و گرنگترین ئامانجە و پێویستە بەدیبهێنرێت (حجيلة و رفيقة، ٢٠١٦).

پاڵپشت بەو ڕاستیانەی ئاماژەی پێکرا، دەتوانین ئەوە هەڵنجێنین، کە:

١: لە (هزری پەرەپێدان)دا؛ پێگە و ڕۆڵی (مرۆڤ) لەناو پرۆسەکەدا گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، لە سەرەتادا (مرۆڤ) ئامراز بووە بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی ئەو شتانەی خزمەت بە شارستانیەت دەکەن، دواتر خرایە خزمەت بەکاربردنی سامانە سروشتییەکان بۆ گەشەکردنی ئابووری، پاشان جارێکی تر لەڕێگەی بەرهەمی زانستی و تەکنەلۆجییەوە ڕۆڵی مرۆڤ لە پرۆسەکەدا بۆ بەرهەمهێنانی لێشاوی شمەک و کەڵەکەکردنی سەرمایە گۆڕدرا، لەقۆناغێکی تردا بووە پارێزەری ژینگە و سامانی سروشتی، لە دواین قۆناغدا بووە ئامانجی کۆتایی

پرۆسەی پەرەپێدان و ئەوە چەسپێنرا، کە تەواوی پرۆسەکە بۆ دەستەبەرکردنی "ژیانێکی شایستە و خۆشگوزەرانە" بۆ خودی مرۆڤ.

٢: تاکو ئیستا لە هیچ کام لە قۆناغەکاندا نەتوانراوە پەرەپێدانێکی تەواوەتی بەرجەستەبکرێت، کە تەواوی دانیشتووانی ناوچە جیاجیاکانی گۆی زەوی گرتبێتەوە.

٣: زۆرجار واهەستدەکرێت خودی "پەرەپێدان" هۆکارێک بووبێت بۆ دروستبوونی جیاوازیی ئاستی پێشکەوتن لەنێوان دەوڵەتاندا، چونکە وڵاتانی پێشکەوتوو خۆیان خاوەنی پێواژۆکەن و بەیەک گوژم لەسەر ئاستی جیهان پەیڕەویی لێناکەن، تەنانەت مەودای جیاوازیی نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو تادێت فراوانتردەبێت.

٤: میکانیزم و کەرەستەکانی پەرەپێدان، بەتێپەڕبوونی کات و پێشکەوتنەکانی مرۆڤ و گۆڕانی شوێنەکان، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

٥: دینامیکییەتی سروشتی کۆمەڵگەی مرۆیی وایکردووە بەردەوام پێویستی تازە و گرفتی تازەی بۆ پێشبێن، هەر بۆیە پێویستە بەردەوام هزر و ناواخن و ئامرازەکانی پەرەپێدانیش تازەبکرێنەوە و توانای دابینکردنی پیویستییەکان و خۆشگوزەرانیەکانی مرۆڤیان لە هەگبەدابێت.

دووەم: چەمکەکانی پەرەپێدان و پەرەپێدانی مرۆیی

بەرلەوەی چەمکی "پەرەپێدانی مرۆیی" ڕوونبکرێتەوە، باشتروایە بنەڕەتی چەمکەکە (پەرەپێدان) بناسێنرێت، لەبەرئەوەی چەمکی "پەرەپێدانی مرۆیی" زادەی کۆتا قۆناغی بەرەپێشچوونی پرۆسەی پەرەپێدانە. لەمەوە بەو ڕاستییە دەگەین، کە ناتوانین بۆ تێگەیشتن لە خودی "پەرەپێدان" تێگەیشتنێکی بابەتی و کەتوار (واقع)یمان بۆ پەرەپێدانی مرۆیی هەبێت.

## ٢-١- پەرەپێدان

هەموو (مرۆڤ، گۆمەڵگە، هەرێم، دەوڵەت)ێك خواست و ویستی لەسەر "پەرەپێدان" هەیە، بەڵام ئایا ئەم چەمکە؛ کە بۆ (پۆلێنبەندیی بارودۆخە تایبەتەکانی هەر کۆمەڵگەیەك، دیاردە گۆڕاوەکانی ناوی، تایبەتمەندییەکانی گەشەی ئابووریيان) بەکاردێت، چ واتایەکی هەیە؟، دواتر ئەم چەمکە هەوڵدەدات تایبەتمەندییەکانی پەیوەست بە هەریەك لە: (گەشەی ئابووری، خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، نوێگەری) لە کۆمەڵگەکاندا بخاتەڕوو، چونکە ئەم سێ تایبەتمەندییە لەهەمان کاتدا سێ پرۆسەی بنەڕەتیی ناو ڕەوتی پەرەپێدانن و ڕوودانیان بە بوونی پرۆژەی پەرەپێدانەوە پەیوەستە (عبدالعال، ٢٠١١: ١٣). لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە، وڵاتانی پیشەسازی و تازە پێگەیشتوو بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و بەرەوپێشبردنی ئابووریی ڕۆژئاوا، هاوکات وەک بەربەستێک لەئاست تەوژمی کۆمۆنیستیدا، بڕیاری پەرەپێدانی ئابوویان خستە بواری جێبەجێکردنەوە. هەرچەندە بۆچوون و دید و پرسیاری جیاواز دەربارەی ئەوەی کە پەرەپێدان چۆن ڕوودەدات؟ ئامانجی کۆتایی پێواژۆکە چییە؟ جۆراوجۆر بوون، لە سەرەتادا گرنگییەکی زۆر بە پەرەپێدانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی وەک ئەوەی ئێستا هەیە نەدرا، تەنانەت ئامانجیشی ئەوە نەبووە بەشێوەیەکی پلەبەندی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی فەراهەمبکات، ئەگەرچی جار جار ئەم پرسانە دەوروژێنران، بەڵام لەکۆتایدا پرسی پەرەپێدان تا ئەوکات هاوشێوەی پرسی گەشەکردن تەنیا ڕەهەندی ئابووری تێدا بەرجەستەکرابوو. تا لە کۆتاییدا بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان بوونە خاوەنی پرسەکە و ڕەهەندەکانی درێژخایەنی، ژینگەیی و مرۆییان بۆ زیادکرد (لفت ویـچ، ١٤٠٠هـ: ١١٧-١١٨).

پەرەپێدان؛ لەکورتترین دەربڕیندا، بریتیە لە پێشخستنی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە بەشێکی دەوڵەتانی جیهان پێیدەگەن و ئەوانی تر لێی بێبەشن (القصيي، ١٩٩٢: ١٧)، یاخود دەستێوەردانێکی ڕێکخراوە لە کاروبارە گشتییەکاندا، تیایدا هەڵوێستە لەسەر پێوەرەکانی باشترکردن بەشێوەی جۆراوجۆر دەکرێت، بەمەرجێک لەم دەستێوەردانەدا ڕەچاوی هەریەک لە: چینی کۆمەڵایەتی و کولتووری، ڕێڕەوی مێژوویی، پەیوەندییەکانی هێز، بکرێت و هەریەک لەوانە پەسەندیبکەن. کەواتە پەرەپێدان بریتیە لە "گۆڕینێکی باش" گۆڕینەکەش بەم سێ شێوەیەی خوارەوە بەرجەستەدەبێت (جونسن وويلسون، ٢٠١١: ١٩-٢٠):

-پەرەپێدان ئاوڕدانەوە و کاردانەوەیە بۆ بوونی بارودۆخێکی دیاریکراو لەماوەیەکی دیاریکراودا، ئەم بارودۆخانە جۆراوجۆر و فرە چەشنن،

لەبەرئەوەی لە کەتوارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە دووبارەبوونەوە و هەنگاوەکانی چارەسەرکردن (پەرەپێدان) یشیان جیاوازدەبێت، دەکرێت پەرەپێدانەکە بەشیوەی پچڕپچڕ بەگوێرەی کات و شوێن لەگۆڕاندابێت.

-هەندێک لە پسپۆڕان؛ (پەرەپێدان) لەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکاندا بە پێواژۆیەکی مێژوویی بەردەوامی دینامیکی دەبینن، بۆیە بوونی ئەم پێواژۆیە تەنیا بەبوونی (سیستمی ئابووریی سەرمایەداری)یەوە گرێنەدراوە، بەڵکو لەگەڵ هەموو سیستمەکانی ناو مێژوودا بوونی هەبووە و پەیڕەویی لێکراوە.

-پەرەپێدان؛ پێواژۆیەکی بەمەبەست و ئامانجدارە، ئیدی ئەگەر لەلایەن کەرتی گشتی و دەوڵەتەوە، یان کەرتی تایبەتەوە ئەنجامبدرێت، کەواتە دەستێوەردانەکان بە مەبەستن و ئامانج لێیان بریتیە لە (گۆڕینێکی باش).

لێرەدا؛ لەنێوان هەردوو بۆچوون و تێڕوانینی: (دەستێوەردانێکی ڕێکخراو) و (پێواژۆیەکی بەمەبەست) ڕوخسارێکی هاوبەش بوونی هەیە، کە بریتیە لە دانانی کۆمەڵێک پێوەر بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە بۆ بارودۆخێکی باشتری خوازراو، بۆیە دەتوانین بڵێین: پێواژۆیەکی مێژووییە و گوزارشت لە هەردوو تێڕوانینەکە دەکات، لەهەمان کاتدا لە ڕێگەی گەڕانەوەوە بۆ مێژوو، دەتوانین ئەو ڕاستییە هەستپێبکەین کە پەرەپێدان؛ ئاگاییەکی بەرپرسیارانەیە لەئاست هۆکارەکانی ڕوودانیدا، کە بەڕێگای جیاواز لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا پەیڕەویی لێدەکرێت (جونسن وویلسون، ٢٠١١: ٢٠).

لە پەرەپێداندا؛ پێش هەموو شتێک پێویستە جەخت لەسەر ڕەهەند و بوارە مرۆڤایەتییەکان بکرێتەوە، بەو ئاراستەیەبێت توانا و لێهاتوییە نادیارەکانی مرۆڤ دەربخات و بەرجەستەیان بکات، هاوکات ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریيان باشتربکات، کەواتە مرۆڤ پێگەیەکی باڵای هەیە و لە تەواوی بوار و دەستکەوتە مادییەکانی تر لەپێشترە، بۆیە جگە لە پێداویستییە سەرەکییەکان پێویستە پێداویستییە خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانییەکانیشی بۆ دەستەبەربکرێت (انجهام، ٢٠١٠: ٤٠).

## ٢-٢- پەرەپێدانی مرۆیی

دەرکەوتن و بەکاربردنی چەمکی "پەرەپێدانی مرۆیی" لە پانتایی زانستیدا؛ بۆ یەکەمین ڕاپۆرتی پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی (١٩٩١) دەگەڕێتەوە، چەمکەکە بووە جێگەی سەرنجی بیرمەند و پسپۆڕانی بواری زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، هەرچەندە بەشێکی زۆریان لەو بڕوایەدان مێژووی هزری پەرەپێدانی مرۆیی بۆ قوتابخانە ئابوورییەکانی کلاسيك و نیوکلاسیکی سەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە، دواتر قۆناغ بەقۆناغ لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا تێگەیشتنێکی نوێی بەخۆیەوە بینی، کە بەتەواوی لەتێگەیشتنەکانی پێشتر جیاوازتربوو، بەوەی مرۆڤ چیتر کەرەستەی پێشخستنی ئابووری نییە، بەڵکو دەبێت تەواوی دەستکەوت و پێشکەوتنەکان بخرێنە خزمەت بەها باڵاکانی ژیانێکی شایستەوە، بۆئەم مەبەستەش پەرەپێدانی مرۆیی دەبێت تەواوی پرسە کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و ڕامیارییەکان بەگوێرەی ئەو بەهایانە بەرهەمبهێنێتەوە (خلاوة وصالح، ٢٠١٠: ١٩٧).

پەرەپێدانی مرۆیی؛ وەک ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕێگەی پرۆگرامی پەرەپێدان (UNDP)ەوە پێناسەیکردووە، بریتییە لە پێواژۆیەک؛ ئامانج لێی زیادکردنی بژاردەکانی بەردەم مرۆڤە، بەشێوەیەکی تیۆری و زارەکی؛ ئەم بژاردانە بێ سنوورن و بەگوێرەی تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن، بەڵام لە کەتوار و جێبەجێکردندا زیاتر لەسەر سێ کۆمەڵەیان جەختدەکرێتەوە، ئەوانیش بریتین لە هەریەک لە: ژیانێکی شایستە و دوور لە تەنگەژە، مافی وەرگرتنی زانست و زانیاری، دەستەبەرکردنی هەموو ئەو پێداویستییە گرنگانەی کە ئاستی ژیانێکی شایستە دیاریدەکەن (عطوي، ٢٠٠٤: ٢٣). هەرچەندە پەرەپێدانی مرۆیی لەم ئاستەدا کۆتایی پێنایەت، واتە بژاردەکان لەو سێ کۆمەڵەیەدا کورتنابنەوە، بەڵکو بژاردەی زیاتر هەن، وەک: ئازادیی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی، دەرفەتی بەرەوپێشچوون و داهێنان، ڕێزگرتن لە کەسەکان بەجۆرێک هەست بە چێژی بوونی خۆیان بکەن، هەروەها گرەنتیکردنی تەواوی مافەکانی مرۆڤ، کە بەگوێرەی ئاستی پێشکەوتنی ژیان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت (لبیب، ٢٠٠٤: ٢٠١). ئابووریناس و فەیلەسوفی هیندی-بەریتانی (ئامارتیا کۆمار سێن، ٢٠٠٠)، پەرەپێدانی مرۆیی بە (ئازادی)

یەوە دەبەستێتەوە، پێیوایە بوونی هەرجۆرێکی ئازادی رێگە بۆ دەستەبەرکردنی جۆرەکانی تر خۆشدەکات، سەرنجی سێن؛ زیاتر لەسەر "ئازادییە ئامرازییەکان"ە، ئەو ئازادییانەن کە رێگەمان پێدەدەن ژیانێکی دوور لە: (برسێتی، کەمخۆراکی، نەخۆشی، هەژاری و هەڵهاتن، مردنی پێشوەختە، نەخوێندەواری)یمان هەبێت، دەبێت بیربکەینەوە ئەگەر مرۆڤ برسیبێت، یان نەتوانێت بخوێنێتەوە، چەندە سەختدەبێت؟!، بۆیە دەبێت پەرەپێدان هەنگاو بەهەنگاو بە دەستەبەرکردنی ئازادییەکان مسۆگەربکرێت، ئازادییەکانیش زنجیرەیین و بەدوای یەکتردا دێن، ئازادییە ئامرازییەکان گرنگترینیانن و دابینکردنیان دەبێتەهۆی ئەوەی مرۆڤ بۆ ئازادییە گشتییەکانی تر هەنگاوبنێت(Sen, ٢٠٠٠; ٣٧).

کەواتە دەگەینە ئەو ڕاستییەی؛ پەرەپێدانی مرۆیی لەبری ئاراستەیەکی مادی، ئاراستەیەکی مرۆیی وەردەگرێت، تەنیا لەوەدا کورتنابێتەوە پێداویستیی سەرەکی و خزمەتگوزارییەکان بخاتە بەردەستی تاک و کۆمەڵگەوە، یاخود ئابووری وڵات بۆ ئاستێکی باش بەرزبکاتەوە، بەڵکو زۆرینەی پسپۆڕان وایان پێباشە گۆڕانکاری لە فەلسەفەی ڕامیارییەکانی پەرەپێدانی مرۆییدا بکرێت، بەچەشنێک ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی لەسەر ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکان هەبێت، بەوەی کە (انجهام، ٢٠١٠: ٤٢-٤٣):

١: پێویستە شایستەیی و تواناکان فراوانبکرێن، پەرەپێدانی ئابووری دەبێت تواناکان فرەچەشن بکات و ئەوپرسیارەی دەیکات بریتیبێت لەوەی: لەدوای پرۆسەی پەرەپێدانەکەوە توانایی خەڵک بۆ کارکردن چییە؟ کەواتە دەبێت پرسیارەکان بگۆڕین، بۆنموونە باشترە بپرسین: ئایا خەڵکی فێری ئەوە بوون بنوسن و بخوێننەوە؟ نەک بپرسین تێچووی فێرخوازانی قۆناغی بنەڕەتی چەند بووە؟. یان بپرسین: ژمارەی ئەو کەسانەی بەدخۆراکن چەندە؟ نەک چەندە خۆراک بەرهەمهاتووە؟. یاخود لەبری ئەوەی بپرسین: تێچووی خەرجییەکانی کەرتی تەندروستی چەندە؟ باشترە بپرسین: دانیشتووان چەند تەمەن دەکەن؟، واتە بەدیهێنانی ئامانجەکان گرنگترن، جگە لەوەی پێویستە ئابووریناسەکان ئەوە درکپێبکەن، کە کەسێکی نەخوێندەوار و دوور لە چاودێرییەکی تەندروستی باش (هەرچەندە ئاستێکی ئابووریی باشی هەبێت) هەرگیز هەمان توانایی کەسێکی خوێندەوار و تەندروست باشی نییە، چونکە جۆری کارکردن و کوالیتی بەرهەمیان نابەرامبەرە.

٢: نابێت ئابووریناسەکان وەک (کێشە) لە خودی مرۆڤ بڕوانن، لە بەرامبەردا تەکنیک و بیرۆکرات و پلانەکان وەک (چارەسەر) ببینن، ئەم تێڕوانینە وادەکات ئەوگومانەمان بۆ دروستببێت: (کێ سوودمەندی پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆییە؟).

٣: گرنگیدان بە ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەت، بەجۆرێک مەودای جیاوازیی نێوان ڕەگەزەکان لە هەژاریدا کورتبکرێتەوە و ئافرەتان زۆرینەی چینی هەژاران پێکنەهێنن، هەروەها بەشداریکردنی ئافرەت لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا زیادبکرێت و ڕۆڵیان تەنیا لە پەروەردەکردنی منداڵ و یارمەتیدانی سەرۆکی خێزاندا کورت نەکرێتەوە، ئەوەی پێویستە بکرێت بریتییە لە دروستکردنی کولتوورێکی نوێی دامالراو لە تێڕوانینێکی نێرینە، کە وایکردووە ئافرەتان بکەونە دۆخی هەژارییەوە.

٣: لە ڕەهەندەکانی پەرەپێدانی مرۆییدا، زۆر گرنگە ئابووریناسان لە پرسی دەستکەوت و زیانەکانی نەوەی ئەمڕۆ و دواڕۆژ بکۆڵنەوە، بۆیە پەرەپێدانی مرۆیی دەیەوێت لەپێناو نەوەکانی داهاتوودا بەشێک لە مافەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی مرۆیی بەقوربانی بکات، بەڵام بڕی ئەو تێچووە کۆمەڵایەتییە چەندە کە پێویستە ئەمڕۆ لەئەستۆبگیرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هەندێک وایدەبینن تەنیا لە کەمکردنەوەی گەشەی دانیشتووان و تەواوکاریی نێوان دانیشتووان و ڕامیارییەکانی پەرەپێدانی مرۆییدا بەرجەستەدەبێت.

هەموو ئەم خاڵانە؛ دەمانبەنەوە سەر ئەو هێڵەی کە دەبێت ئابووری بخرێتە خزمەت ئامانجە مرۆییە باڵاکانەوە، نەک پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکارییەکانی ژیان وەک ئامرازێکی کەڵەکردنی سەرمایە بەکاربهێنرێن.

بەشێکی گرنگی دەستەبەربوونی پەرەپێدان، بە (ئاسایش)ەوە بەستراوەتەوە، کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا زۆر بەکەمی بوونی هەیە، لەبەرئەوەی ئەم وڵاتانە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و یەکلاییبوونەوەی جەنگی ساردەوە دروستبوون، بۆیە هیچ کامیان بنەمای (هێز)یان تۆکمە نییە، لەکاتێکدا گرنگترین بنەمای دەوڵەتسازی "هێز" پێکیدەهێنێت، دەوڵەتسازی؛ پرۆسەیەك نییە لەرێگەیەوە تەنیا چالاکییە ئابووری و سیاسییەکان تیایدا گەشەبکات، بەڵکو زیاتر بەهێزەوە بەستراوەتەوە، هێزیش بەسەر جۆرەکانی: (هێز؛ وەك توانای نەتەوەیی، هێز؛ وەك توانای سیاسی، هێز؛ وەك پەیوەندیی بنەڕەتی) دابەشبووە، کەچی لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ئەم بنەمایە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

زۆر لاوازە (یاخود نەتوانراوە بەباشی بەرجەستەبکرێت)، تەنیا وەك ئامرازێك بۆ کەمکردنەوەی پشێوی ناوخۆیی بەکارهێنراوە، هۆکاری بەرجەستەنەکردنەکەشی بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە؛ یەکەمیان: ئەوەیە زۆرینەی ئەم دەوڵەتانە لەدوا قۆناغی (دەوڵەت-نەتەوەسازی)ـدا واتە لەدوای جەنگی ساردەوە دروستبوون. دووەم: زۆر درەنگ بۆناو شانۆی سیاسیی جیهان هاتن، هاتنەکەیان لەگەڵ نەمان و کاڵبوونەوەی پارادایمی (دەوڵەت-نەتەوە)دا هاوکاتبوو، جگەلەوەی کەوتنە ناو کۆمەڵێك گەمەی سیاسیەوە بێئەوەی لەیاسای ئەو گەمە سیاسیانە شارەزابن، هەربۆیە ئاسایش بەواتا فراوان و ڕەهاکەی لەم دەوڵەتانەدا بوونی نییە، لەوڵاتانی ئەورووپی و ڕۆژئاوادا دەوڵەت سەرچاوەی بنەڕەتیی (ئاسایش)ـە، لەکاتێکدا لەجیهانی سێیەمدا دەوڵەتان نەك هەر نەیتوانیوە ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، بەڵکو زۆرجار خۆیان لەڕێگەی (گەندەڵی و سەرکوتکردن)ـەوە بۆ هاوڵاتیانی خۆشیان بوونە سەرچاوەی نەمانی (ئاسایش) (قەوام، ٢٠٠٩: ٢٥٧-٢٥٩). هەربۆیە تاکو ئێستا "پێواژۆی پەرەپێدان" لەم وڵاتانەدا سەرکەوتوو نەبووە و بە دواکەوتووی ماونەتەوە.

لە پەرەپێداندا؛ کۆمەڵێك گۆڕاوی بنەڕەتی هەن، ئەم گۆڕاوانە کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەرکەوتنی پێواژۆکەدا هەیە، بەشێوەیەکی گشتی لەمانەی خوارەوەدا کورتکراونەتەوە (سردار، ٢٠١٥: ١٣-١٤):

١: پێگە، یان گۆڕاوی دادپەروەری لە داڕشتنەوەی پەرەپێداندا؛ گۆڕاوێکی گرنگە و لەزۆربەی پێناسە جیاوازەکانی پەرەپێداندا ئاماژەپێکراوە، ئەم دادپەروەرییە زیاتر لە لەنێوان دوو نەوەدا بەرجەستەدەبێت، نەوەیەك؛ کە هێشتا لەدایکنەبوون و لە دەسکەوتی ئابووری و بازاڕی کاری ئەمڕۆدا بوونیان نییە، هەروەها ئەو کەسانەش کە ئێستا لەژیاندان و دەرفەتی سوودبینینیان لە دەرامەتە سروشتی و قازانجە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا نەبووە، بۆیە لە پەرەپێندا هەوڵی بەرجەستەکردنی هەردوو ئاستی دادپەروەرییەکە دەدرێت. بەتایبەت لە جیهانی ئەمڕۆدا، جیهانێك لە دوای دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە سیستمی سەرمایەداری تێیدا حوکمدەکات و بۆ دووبەرەی (وڵاتانی باکوور و وڵاتانی باشوور) دابەشبوون، تەنانەت لەناو سنوورە سیاسیی یەك دەوڵەتیشدا جیاوازیی ئاستی داهات بەدیدەکرێت، بۆیە ئەرکی ئەم گۆڕاوەی پەرەپێدان، ئەوەیە هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییانە بدات.

٢: گۆڕاوی مرۆڤ؛ ئەم گۆڕاوە زیاتر لەکۆتایی سەدەی بیستەم، بەدیاریکراوی لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکاندا جێگیرکرا، بەگوێرەی ئەم گۆڕاوە هەوڵی پەرەپێدانی خودی مرۆڤ دەدرێت، واتە پێویستە تەواوی پێواژۆکە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ جێبەجێبکرێت، لەڕێگەی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ گەیشتن بە هەریەك لە: (خۆشگوزەرانیی زیاتر، باشترکردنی چاودێریی تەندروستی، بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و دەستخستنی تەواوی کەرەستەکانی فێربوون و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ تەواوی ئاستە کۆمەڵایەتییەکان).

٣: گۆڕاوی تەکنەلۆجی؛ بە گرنگترین گۆڕاوی ناو پێواژۆی پەرەپێدان هەژماردەکرێت، بەتایبەت لە جیهانی ئەمڕۆدا، بۆیە زۆر گرنگە وەرچەرخان لە نوێکردنەوەی ئامراز و تەکنەلۆجیادا بکرێت، لەبەرئەوەی توانایی و بەرهەمداریی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو باشتر و گونجاوترە، جگە لەوەی کەمتر ژینگە پیسدەکەن و لەگەڵ بارودۆخە ئاووهەواییەکانیشدا بەکارهێنانیان ئاسانترە، هەموو کات کار و بەرهەمی تەکنەلۆجی باوەڕپێکراوتر و ڕێکخراوترە.

## سێیەم: پەیوەندیی نێوان دانیشتووان و پەرەپێدانی مرۆیی

هیچ پرسێکی پەرەپێدان؛ هێندەی پرسی (پەیوەندیی گەشەی دانیشتووان بە گەشەکردنی ئابووری و خۆشبەختیی مرۆڤەوە)، جێی مشتومڕ نەبووە و جیاوازیی بۆچوونی (ڕامیاری و زانستی)ی لای شارەزایان و پسپۆڕان دروستنەکردووە. سەرەتای جیاوازییەکان بۆ ساڵی (١٩٧٤ز) دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لە کۆنفرانسی یەکەمی جیهانیی تایبەت بە دانیشتووان، تیایدا مشتومڕ و گەنگەشەیەکی زۆر لەنێوان وڵاتانی باکوور و باشوور لەسەر پرسی گرنگیی دانیشتووان لە بوارە جیاوازەکانی پەرەپێداندا ڕوویدا، لە مشتومڕەکەدا وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەو بۆچوونەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان ڕەتدەکردەوە، کە پێیوابوو گەشەکردنی خێرای دانیشتووان دەبێتە بەربەست لەئاست بەدیهێنانی پەرەپێداندا. دواتر و لەساڵی (١٩٨٤ز)، لە (کۆنفرانسی دووەمی جیهانی بۆ دانیشتووان – مەکسیکۆ سیتی) بۆچوونەکان

بەتەواوی پێچەوانەبوونەوە، پاش ئەوەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو گەشتنە ئەو بڕوایەی: پێویستە هەوڵێکی زۆر لەئاست گەشەی خێرای دانیشتوواندا بدرێت، لەکاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆچوون و هەڵوێستێکی نوێی هەبوو، بەوەی گەشەی دانیشتووان بەسروشتی خۆی کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر پرسی پەرەپێدان نابێت، بەڵکو ئەوە سیاسەتی ئابووری و بەڕێوەبردنە دۆخی پەرەپێدان لە هەر وڵاتێکدا دیاریدەکات، لە ڕاستیدا ئەمەش بووە بنەڕەتێك بۆ سیاسەتە باوەکانی کۆنفرانسی (مەکسیکۆ سیتی). کە دواجار بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا لە پاڵپشتیکردنی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی پلاندانراو (International Planned Parenthood Federation) و سندوقی دانیشتووانی نەتەوە یەکگرتووەکان پاشگەزبێتەوە. لەهەمان کاتدا قوتابخانەیەکی هزری لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا سەریهەڵدا، ئەم قوتابخانەیە؛ وایدەبینی ژینگەی سیاسیی هەر دەوڵەتێك دەرئەنجامەکانی گەشەی دانیشتووان بۆ ئەو وڵاتە دیاریدەکات، لەنموونەی ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە، ئەو توێژینەوەیە بوو، کە لەلایەن ئەکادیمیای نەتەوەیی بۆ زانست لەساڵی (١٩٦٨ز) ئەنجامدرابوو، تیایدا ئاماژە بەوە کرابوو کە "گەشەیەکی دانیشتووانیی هێواش بۆ زۆرێک لەوڵاتە تازە پێکەیشتووەکان بەسود دەبێت" (کاسین واخرین، ٢٠٠١: ١٥-١٦).

دەتوانین بڵێین: دانیشتووان و گەشەسەندن و ژینگە؛ پەیوەندییەکی دانەبڕاویان هەیە و بۆ دیاریکردنی کوالیتی ژیانی ئێستا و نەوەکانی داهاتوو لەسەر زەوی گرنگ و پێویستن، کۆنفرانسی نێودەوڵەتی (٢٠١٦) بۆ دیدگا ناوچەییەکان سەبارەت بە (دانیشتووان، گەشەپێدان و ژینگە)، کە بە هاوبەشی لەلایەن زانکۆی یانگۆن (UoY) و زانکۆی نیشتمانی ئوسترالیا (ANU)ەوە بەڕێوەچوو، تیایدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، پێویستە بە دووربینییەکی باشەوە لەم سەدەی بیست و یەکەدا چارەسەری کۆمەڵێك کێشەی جیهانیی دانیشتووان بکرێت، لەوانەش:

- زیادبوونی هەژاری
- زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی دەرامەت و سەرچاوەکانی ژیان لەوڵاتانی باکوور
- خراپیی گوزەرانی ئافرەتان
- سیاسەتی ئابووری نەشیاو
- گەشەی خێرای دانیشتووان و
- "کورتبینی" لە بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکان، هەموویان بەیەکەوە گرێدراون.

یەک لەسەر چواری دانیشتووانی جیهان -کە زۆربەیان لە وڵاتانی پیشەسازیدان- زیاتر لە (٧٠٪)ی سەرچاوەکانی زەوی بەکاردەهێنن و لە زۆربەی تێکچوونەکانی ژینگەی جیهان بەرپرسیارن. جگە لەوەی ساڵانە (٩٥ - ١٠٠) ملیۆن کەس بۆ ژمارەی دانیشتووانی ئێستای جیهان زیاد دەبێت، ئەمەش فشارێکی گەورە دەخاتە سەر توانای زەوی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ. ئێمەی مرۆڤ لە دوو جیهانی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا دەژین، جگە لەوەی خۆمان و تەکنەلۆژیەکانمان بووینەتە هێزێکی باڵادەست و کاریگەر لەسەر هەسارەکە، لە هەمان کاتدا نابەرانبەریی مرۆییمان دروستکردووە، بەشێکی مرۆڤایەتی لە بەرزترین ئاستی گوزەراندا دەژین، لە کاتێکدا زۆر کەسی دیکەش پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بۆ ژیانێکی شایستە و تەندروست و بەرهەمدار دەستناکەوێت. بانکی نێودەوڵەتی مەزەندە دەکات کە زیاتر لە ١.٣ ملیار کەس- نزیکەی یەک لەسەر پێنجی دانیشتووانی جیهان- لە هەژارییەکی توندا دەژین و داهاتی ڕۆژانەیان لە یەک دۆلاری ئەمریکی کەمترە. ئەمانە بەگشتی دەستیان بە خۆراکی گونجاو، خانووی شایستە، ئاوەڕۆی بنەڕەتی، ئاوی پاک، پەروەردە، چاودێری پزیشکی و پێداویستییەکانی دیکە بۆ بوونی مرۆڤ ناگات، نزیکەی (٧٠٪)ی ئەوکەسانە ژن و منداڵن، داڕێژەرانی سیاسەتی جیهانی خەریکە لەو ڕاستییە ئاگادار دەبنەوە، کە نەهێشتنی هەژاری و پاراستنی ژینگەی هاوبەشمان بە شێوەیەکی دانەبڕاو پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، چونکە هەژاران هەم قوربانین و هەم هۆکاری تێکچوونی ژینگەن(James, 2019: 12).

کەواتە پەیوەندییەکە؛ دۆخێکی تایبەتی ناجێگیری هەیە و بەردەوام مشتومڕ و بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەر دەکرێت، لەم مشتومڕانەدا ڕەهەندەکانی کات و شوێن ڕۆڵی کاریگەریان لە دروستبوونی جیاوازییەکاندا هەبووە، بەو واتایەی؛ بۆچوونی ئێستا بە بەراورد بە ڕابردوو، هەروەها لەنێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و دواکەوتوودا جیاوازیی ناواخنییان هەیە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی؛ لەنێوان دەوڵەتانی جیهاندا نابەرامبەرییەکی زۆر لە ئاستی پێشکەوتنیاندا بوونی هەیە، ئەم نابەرامبەرییە بۆ دوو بەرەی (وڵاتانی پێشکەوتوو، وڵاتانی دواکەوتوو) دابەشیکردوون، بەڵام لەنێوان هەموویاندا ڕەگەزێکی هاوبەش بوونی هەیە، کە بزوێنەر و هۆکار و بەرجەستەکەری پەرەپێدانە، ئەویش بریتیە لە (مرۆڤ)، کە بەردەوام کردویەتییە ئامانج و وەک بازنەیەک دەوریداوە، هەر خۆیشی بە پێواژۆکە هەڵدەستێت (الموسی، ١٩٨٢: ٧). کەواتە مرۆڤ خۆی دەستپێک و ئامانجی پەرەپێدانە و تیایدا دەیەوێت ئاستی گوزەران و بەهای مرۆڤ بە باڵایی بهێڵێتەوە (نورالدین، ٢٠١٠: ٣٥). جگە لەوەی "مرۆڤ" سامانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەکانە و هەر خۆیشی بنەڕەتی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، لەبەرئەوەی تەواوی چالاکییەکان هەڵدەسوڕێنێت و بوونەوەرێکی بەرهەمدارە، لەپرۆسەی بەرهەمهێنانیشدا وزەیەکی زۆری هزری و جەستەیی بەکاردەهێنێت، لە هەمان کاتدا بەکاربەرێکی بەردەوامی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانە. لەم ڕوانگەیەوە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان واتە زیادبوونی قەبارەی هێزی کار و بەرهەم و بەکاربردن، دانیشتووان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بۆ دوو گرووپ دابەشدەبن: (دانیشتووان لە ناو هێزی کاردا، دانیشتووان لە دەرەوەی هێزی کاردا) (الدعبوسي، ٢٠١٠: ٩)، کەواتە پەیوەندییەکە (پەیوەندیی نێوان دانیشتووان و پەرەپێدان) پەیوەندییەکی تەواو ناچاری و پێکەوە گرێدراوە، بوونی هەریەکێکیان بۆ ئەوی تریان بەڵگە و هۆکارە.

لەسەر ئاستی جیهان؛ مشتومڕ و گەنگەشەیەکی مێژوویی بەردەوام لەئاست پەیوەندیی دانیشتووان بە پەرەپێدانەوە بوونی هەیە، زیاتر لەنێوان هەردوو بەرەی (ماڵتۆسییەکان و دیدی پەرەپێدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە دانیشتووانییەکان) دا ڕەنگیداوەتەوە، کۆی گرفتەکە لە زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتوواندا کورتبووەتەوە، بەوەی کەهۆکاری دواکەوتویی بەشێکی زۆری هەرێم و وڵاتان بە زیادبوونی دانیشتووانەوە پەیوەیستە، "ماڵتۆسییە نوێیەکان" لەو بڕوایەدان ئەوەی کەتوار و دۆخی دواکەوتنی لە زۆرێک لە وڵاتاندا دروستکردووە، جگە لە "زیادبوونێکی گەورەتری گەشەی دانیشتووان لەچاو ڕێژەی گەشەی دەرامەتەکاندا" هیچی تر نییە، کە دواجار ئەم زیادبوونە دانیشتووانییە وادەکات بەشێکی زۆری داهاتی ئابووری بەفیڕۆبچێت و هەژاری بڵاوبکاتەوە، چونکە زۆربوونی بەکاربردن و کەمبوونەوەی پاشەکەوت و سەرچاوەی دارایی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لەم نێوەندەدا میکانیزمی زیادکردنی خەرجییەکان و تەرخانکردنی بودجە بۆ پەرەپێدان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە گەشەی خێرای دانیشتووانەوە سەرچاوەیانگرتووە، ئەنجامێکی ئەرێنی و دڵخۆشکەری نابێت، بۆیە پێویستە کۆمەڵێک ڕێوشوێن و میکانیزمی تایبەت لە ئاست ئەم گرفتەدا بگیرێتەبەر، لە گرنگترینیان (النجار، ٢٠٠٥: ٢٩):

١: سیاسەتەکانی ڕێکخستنەوەی خێزان، لەڕێگەی دەستێوەردانی پزیشکییەوە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی پیتداری.

٢: بڵاوکردنەوەی ئامرازەکانی ڕێگریکردن لە سکپڕی و وشیارکردنەوەی دانیشتووان لە ئاست بەکارهێنان و جێبەجێکردنیان.

٣: ڕێکخستنەوە و ئاسانکاری، لە یاساکانی تایبەت بە لەباربردنی مناڵ.

٤: دواخستنی کاتی هاوسەرگیری، واتە ئەنجامنەدانی هاوسەرگیری لەتەمەنێکی کەمدا.

لە تێڕوانینی ماڵتۆس و ماڵتۆسییەکاندا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە (هەژاری، برسێتی، بێکاری، خراپبوونی بارودۆخی تەندروستی و پەروەردەیی و نیشتەجێبوون، بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی بەرهەمەخۆراکییەکان)، کێشەیەکی حەتمین و ڕوودانیان بە باڵادەستی و زاڵیی سیستمی سەرمایەدارییەوە پەیوەست نییە، واتە ئەوەی وایکردووە ئەو گرفتانە زەقتربینەوە، دەرهاویشتەی گەشەی نائاسایی دانیشتووانە و هیچ پەیوەندییەکی بە ژینگە ئابوورییەکەوە نییە. کەواتە تێڕوانینی ڕەشبینانەی ماڵتۆس لەئاست گرفتە دانیشتووانییەکاندا پشتی بەدوو بنەمای گرنگ بەستووە، یەکەمیان: ئەوەیە کە دانیشتووان گۆڕاوێکی سەربەخۆیە و هیچ پەیوەندییەکی بە سیستم یان ژینگەی ئابوورییەوە نییە. دووەمیان: بریتیە لە یاسای بڕشتی هەریەک لە زیادبوونی دانیشتووان و زیادبوونی بەرهەمە خۆراکییەکان، کە دوو یاسای جیاواز و دژیەکیان هەیە (ذكي، ١٩٨٩: ٣٩-٤٠).

بۆچوون و جیهانبینیی ڕەوتی (دیدی پەرەپێدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە دانیشتووانییەکان)، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بۆچوونی لایەنگرانی "ماڵتۆس"دا نییە، بەوەی پەیوەندیی لەنێوان گەشەیەکی خێرای دانیشتووان و ئاستەکانی پەرەپێداندا هەیە، تەنیا لەوەدا نەبێت

ئەمان هۆکارەکان لەگەڵ ماڵتۆسییە نوێیەکاندا پێچەوانە دەکەنەوە، ماڵتۆسیە نوێیەکان دەڵێن: "گەشەی خێرای دانیشتووان هۆکارە بۆ دواکەوتوویی"، بەڵام ئەوانەی پەیڕەوی لە دیدی پەرەپێدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە دانیشتووانییەکان دەکەن، دەڵێن: "دواکەوتوویی هۆکارە بۆ ئەوەی گەشەیەکی دانیشتووانیی خێرا هەبێت"، کەواتە وایدەبینن خێرایی زیادبوونی دانیشتووان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ئەنجامی دواکەوتوویە، نەک هۆکارێک بێت بۆ هەژاری و دواکەوتنی وڵاتان (العیسوي، ١٩٨٤: ١٥-٢٢).

چوارەم: لێکەوتەکانی تەقینەوەی دانیشتووان و پەیوەندییان بە پرس و ڕەهەندەکانی پەرەپێدانەوە

زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان؛ کە بەشێکی زۆری پسپۆڕانی بواری جوگرافیای دانیشتووان و زانستی دیمۆگرافیا بە (تەقینەوەی دانیشتووان) ناویانبردووە، گوزارشتێکە بۆ ئەو زیادبوونە لەناکاوەی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە لەدوای شۆڕشی پیشەسازی و باشتربوونی ژیان و گوزەرانی بەشێکی زۆری دانیشتووانی گۆی زەوییەوە ڕوویداوە، کە پێشتر هاوشێوەی نەبووە، بێگومان ئەم ڕووداوە کەتوار (واقع)ێکی نوێی بۆ تەواوی جیهان هێناوەتە پێشەوە، زۆرینەی لێکەوتەکان لەم کەتوارە نوێیەدا نەرێنین و پەیوەندییان بە داهاتووی هەسارەی زەوی و هەموو پرسە گرنگەکانی: (گۆڕانکارییە دانیشتووانییەکان، ژینگە، ئابووریی جیهانی، کولتوور) ەوە هەیە.

دەکرێت هەریەک لەو لێکەوتانە بۆ ئەمانەی خوارەوە دابەشبکەین:

## ٤-١- لێکەوتە دانیشتووانییەکان

لەئێستادا هەسارەی زەوی؛ لە جەنجاڵترین (پڕ دانیشتووانترین) قۆناغیدایە، لە دوای شۆڕشی پیشەسازی (١٧٥٠ز)ـیەوە نزیکەی (٩) هێندە بووەتەوە، واتە دانیشتووانی هەسارەکە (٨) ملیار کەسە، بەمەش ساڵانە (٧٥) ملیۆن کەس بۆسەر دانیشتووانەکەی زیادبووە، بەم پێودانگە دانیشتووانی هەسارەکە لە دەیەی چلەکاندا بۆ (٩) ملیار کەس بەرزدەبێتەوە، ئەم ملیارانە شوێنێی خۆیان لە ئابوری جیهاندا جێدەهێڵن، هەژارەکان؛ بۆگەیشتن بە (خۆراکی پێویست، ئاوی خاوێنی خواردنەوە، چاودێرییەکی تەندروستیی سەرەتایی و تەنیا یەکەیەکی نیشتەجێبوون بۆ مانەوەیان) تێدەکۆشن، لە بەرامبەردا ئەوانەی لە سەرەوەی هێڵی هەژارییەوەن؛ هەوڵدەدەن بارودۆخیان بۆ باشتر لەوەی ئێستایان بگۆڕن و داهاتوویەکی باشتر لەوەی خۆیان بۆ منداڵەکانیان مسۆگەربکەن، ئەوانەشی کە ئاستێکی بەرزی داهاتیان هەیە؛ هیوایان وایە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی خزمەتی باشتر بەخۆیان و خێزانەکانیان بکات، کەواتە دەوڵەمەندەکانیش لەپێناو پارێزگاریکردن و هێشتنەوەی بەرزیی داهاتیاندا دیسانەوە هەوڵی زیاتر دەدەن (ساکس، ٢٠٢١: ٨١-٨٥). جیهانگیری؛ تەنیا لەگەڵ لێشاوەکانی شمەکدا یەکینەگرتۆتەوە، بەڵکو لێشاوەکانی کۆچی مرۆڤیش، بەهۆی (جەنجاڵتربوونی بەشێکی زۆری وڵاتان، نابەرانبەریی دەرفەتی کار، جیاوازیی داهاتی ساڵانەی تاک، پێشکەوتن و بەردەستیی هۆیەکانی گواستنەوە، ئاسانکاریی پەڕینەوە لە سنوورەکان)ـەوە زیادیانکردووە، بەجۆرێك ژمارەی ئەو کەسانەی لەدەرەوەی وڵاتی خۆیاندا ژیان دەگوزەرێنن بە سەدان ملیۆن کەس دەخەمڵێنرێن (ابلیس، ٢٠١٧: ٢٠٩).

## ٤-٢- لێکەوتە ژینگەییەکان

بەردەامبوونی ئەو زیادبوونەی لە قەبارەی دانیشتوواندا ڕوودەدات، جێی سەرنجە و پێویستە هەڵوێستەی کردەیی لەسەربکرێت، بەگوێرەی بەشێکی توێژینەوەکان، دانیشتووانی گۆی زەوی لە ساڵی (٢٠٤٥)دا بۆ (٩) ملیار کەس و لەساڵی (٢١٠٠)یشدا بۆ زیاتر لە (١٠) ملیار کەس بەرزدەبێتەوە، گرفت و لێکەوتەکانی ئەم زیادبوونە؛ تەنیا لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەك: (ئاو، خۆراك، شوێنی نیشتەجێبوون، فەزاکان)دا کورتنابنەوە، بەڵکو کۆمەڵێك پرسی مەترسیدارتری وەک: (پیسبوون بە پاشەڕۆی بەرهەمهێنراوەکان، دەرکەوتنی گرفتی تەندروستی، گەرمبوونی گۆی زەوی و تێکچوونی سیستمی ژینگە، ....هتد) بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە دەبێت ئەوە لەپێشچاوبگیرێت تا چەند مرۆڤایەتی لەبری سەرچاوە نوێنەبووەوەکان پشت سەرچاوەی نوێبووەوە دەبەستێت، چونکە لەڕاستیدا وادەردەکەوێت کە زیادبوونی ژمارەی مرۆڤەکان، بە کەمبوونەوەی ژمارەی بوونەوەرانی تری ناو سیستمی ژینگەیی گۆی زەوی کۆتاییهاتووە،

تەنانەت ڕاستەوخۆ بە کەمبوونەوەی ڕووبەری دارستانەکان و خێراتربوونی ڕامالّینی خاکیشەوە پەیوەستبووە (Barcus and Halfacree: ٢).

لە گرنگترین لێکەوتە ژینگەییەکان؛ لەدوای هەریەک لە شۆڕشەکانی پیشەسازی و تەکنەلۆژی، ئەوەبووکە هەژموون و باڵادەستیی مرۆڤ و چالاکیەکانی، توانیویەتی شوێنی هەژموونی ژینگەیی بگرێتەوە، واتە چیتر مرۆڤ "هەم لەڕووی ژمارەوە، هەم لەڕووی ڕۆڵ و کاریگەرییەوە" هەمان مرۆڤی جاران نییە، کە لەژێر سنووورداری و کاریگەرییە ژینگەییەکاندا دەستەوسان بێت، بەڵکو بە چالاکییە فراوان و داهێنراوە نوێیەکانی ژینگەی توشی مەترسییەکی گەورە کردووە (احمدی و حاجی نژاد، ١٣٨٩هـ: ٤)، لەڕاستیدا پێوانەکردنی کاریگەرییەکانی دەستێوەردانی مرۆڤ لە سیستمی زیندەبەرگ و جیۆلۆجیی زەویدا کاریگەرییەکی هەمووەکییە، واتە سەرجەم مرۆڤایەتی تیایدا بەشدارن، لەکاتێکدا پێوانەکردنی خۆشگوزەرانییەکان لەسەر ئاستی تاک هەڵدەسەنگێنرێت، ئەمەش بۆخۆی نابەرامبەری و دژیەکیەکی ناڕوون دروستدەکات، چونکە هەریەک لە (بەرگەهەوا، ڕووبەری کیشوەرەکان، ڕووبەرە ئاوییەکان و پێکهاتەکانی تری گۆی زەوی) نەگۆڕن، کەچی لە بەرامبەردا دانیشتووان و خواستەکانی بەردەوام لە زیادبووندان، بەردەوامی ئەم هاوکێشەیە وایکردووە دەستێوەردانەکانی مرۆڤ بۆسەر سیستمی ژیگە ببنە دەستێوەردانێکی زەبەلاح، لەماوەی ساڵانی (١٩٠٠-٢٠٠٠) واتە تەنیا لەماوەی سەدەی بیستەمدا قەبارەی پێکهاتەکانی کاربۆن لە بەرگەهەوادا لە (٣٠٠گگم) ەوە بۆ (١٢٠٠گگم) بۆ هەرتاکێک زیادیکردووە، جگە لەوەی دەرچوون و ئازادبوونی گازی کاربۆن بەهۆی چالاکیی پیشەسازییەوە بۆ ناو بەرگەهەوا ساڵانە لە (٠,٥) ملیار تەنەوە بۆ (٧,٥) ملیار تەن زیادیکردووە (کوهین، ٢٠١٨: ٥٥). هەروەها بەگوێرەی ئامارێکی دامەزراوەی نەتەوەیی ئۆقیانوسەکان و ئاووهەوا (NOAA) لەماوەی (٨٠٠ هەزار) ساڵی ڕابردوودا، لەهیچ ماوەیەکیاندا کەڵەکەبوونی دوانەئۆکسیدی کاربۆن (٣٠٠بەش\ملیۆن) ی تێنەپەڕاندووە، بەڵکو ڕێژەکە لەنێوان (١٥٠-٣٠٠بەش\ملیۆن)دا بەرزونزمیی کردووە، لەساڵی (١٩٦٠)دا بە (٣٠٠بەش) گەیشت، دواتر بەهۆی زیادبوونی دانیشتووان و فراوانتربوونی پشتێنەی چالاکیی پیشەسازی و دەرهێنانی کانزا و سوتەمەنییەکانەوە لەسەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا بۆ (٤٠٠بەش\ملیۆن) بەرزبوویەوە، ئەمەش پێویستی بە هەڵوێستەی کردەیی هەیە و پێویستە لەزووترین کاتدا چارەسەربکرێت و میکانیزمێکی گونجاو بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی ئەم بڕە زۆرەی "دوانەئۆکسیدی کاربۆن" بۆ ژێرزەوی بدۆزرێتەوە، باشترین چارەسەریش ڕەنگە چاندنی جۆرێکی تایبەت لە کشتوکاڵ و ڕووەك بێت، کە ئەم پرۆسەیە بەرجەستەبکات، بەجۆرێك بتوانرێت لانیکەم؛ ئەو (٤٠٠یەکە)یە بۆ (٣٠٠یەکە) کەمبکرێتەوە (هاروی، ١٤٠٠هـ: ٦٧٠-٦٨٠). هەموو ئەم ئاراستانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان؛ قەبارە و بڕی ئەو زیانانەی لەلایەن مرۆڤەوە دووچاری ژینگە دەبێتەوە، زیاتردەکات.

## ٤-٣- لێکەوتە ئابوورییەکانی جیهان

ئێستا، مرۆڤایەتی؛ لەسەرەتای قۆناغێکی نوێدایە، کە بریتییە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەك، زیاتر لە "حەوت دەیە" لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە تێپەڕیوە، بەشێکی وڵاتانی ئەوروویی توانیان لەدوای تێپەڕاندنی قەیرانەکان بۆ ئاستێکی باڵای گەشەی ئابووری هەنگاو هەڵگرن، دوای ئەوەی توانیان شۆڕشی تەکنەلۆژی و داهێنراوە زانستییەکان بەگەڕبخەن، نەك تەنیا لەبواری سەربازی و پیشەسازیدا، بەڵکو لەبواری کشتوکاڵ و بەرهەمی خۆراکیشدا هەمان پێشکەوتنیان بەرجەستەکرد، لە بەرانبەردا لە "وڵاتانی جیهانی سێیەم" تادێت پانتایی قەیرانەکان فراوانتردەبن، بێگومان بەهۆی ئەوەی لەدوای نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە ژمارەی دانیشتووانیان لەڕادەبەدەر زیادیکردووە (الأشرم، ٢٠٠٧: ٤٣). هەروەها ئابووریی جیهان بەگشتی گەیشتۆتە نزیکەی (٩٠) تریلیۆن دۆلار، واتە لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە زیاترلە (٢٠٠) هێندە بووەتەوە، ئابووریی جیهان بەشێوەیەکی خێرا و بەڕێژەی (٣-٤٪)ی ساڵانە گەشەیکردووە، بەڵام لەسەر ئاستی شوێن و دەوڵەتان نابەرامبەری هەبووە، بەوەی هەموویان بەیەک ڕێژە گەشەیان نەکردووە، تەنانەت بەشێکیان ئابووریان داڕووخاوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات "گەشەکردنەکە" بۆ هەمووان نەبووە، هەروەها لەم گەشەکردنەدا سەرچاوەکانی ژیان بەفیڕۆچووە، واتە

مرۆڤ هاوشێوەی بوونەوەرانی تر بۆ گەیشتن بە )خۆراک، ئاو، کانزاکان) پشت بەزەوی دەبەستێت. زەوی لە ئێستادا لەژێر زۆرترین فشاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدایە. بۆیە زۆر گرنگە مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە ئێستا واقعێکی ترە و پێویستە بە شێوازێکی تر مامەڵە لەگەڵ زەویدا بکرێت، هەر لەبەر ئەمەیە کە زۆربەی شارەزایان بە سەردەمی پەرەپێدانی درێژخان (ASD) ناویدەبەن (ساکس، ٢٠٢١: ٨١-٨٥).

تەنانەت بەشێکی ئابووریناسان، ئابووریی ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی بە قۆناغی باڵای بەکاربردن دەناسێنن، بەتایبەت دوای ئەوەی کە داهاتی ڕاستەقینەی بەشێکی زۆری دانیشتووانی وڵاتانی پیشەسازی و تەنانەت تازەپێگەیشتوش زیادیکرد و توانیان دەستەبەرکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەك: (خۆراك و نیشتەجێبوون و پۆشاك) کۆنترۆڵبکەن و داهاتی پاشەکەوتکراویان هەبێت، بۆیە کۆمەڵێك پێداویستیی تر لەسەرووی پێداویستییە سەرەتاییەکانەوە دروستبوون و مرۆڤ بووە مرۆڤێکی بەکاربەری کەرەستە و کاڵای ناپێویست (روبیرتس، ٢٠٠٤: ١٦٠-١٦١).

## ٤-٤- لێکەوتە کولتوورییەکان

لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوواندا، کۆمەڵێك گۆڕانکاری سەریانهەڵدا، بەتایبەت لە گۆڕینی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی خۆراك، تەنانەت نوێبوونەوەی شێوازی کشتوکاڵ و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فراوانتربوونی بازنەی کۆچکردن، هەموو ئەمانە جۆرێك لە تێکەڵی و بەریەککەوتنی کولتووریی دروستکرد، کە پێشتر زۆر بەکەمی ڕوویاندەدا (القاسمي، ٢٠١٧: ١٧٥). زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانیش؛ بەرێژەیەکی بەرچاو بەرئەنجامی پێشکەوتنەکانی مرۆڤ بوو، ئەویش دوای ئەوەی  داهێنانەکان بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، ئاسانکاریی ژیان، گوزەران، هێنانەدیی خۆشگوزەرانی و دڵنیایی بەکارهێنران، بەجیهانیبوون و ئامرازەکانی بەشێک لەو پێشکەوتنانە بوون، تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پانتاییە مەجازییەکان سەرەڕای زیادبوونی قەبارەی دانیشتووانی گۆی زەوی توانیان ئاڵنگارییەکی بەرچاوی کولتووری بەرجەستەبکەن، بەوەی سەرکەوتووانە جوگرافیای فرە کولتووریی جیهان بەرتەسک بکەنەوە، تیایدا ئاکاری ناو هێڵ و تۆڕەکان بۆ ئاکارێکی کردەیی ناو کۆمەڵگە گواسترایەوە، بە دەربڕینێکی تر سەرەڕای جەنجاڵبوونی دانیشتووانی هەسارەی زەوی، بەجیهانیبوون؛ توانی جۆرێک لە کولتووری هاوبەشی جیهانی دروستبکات، کە دواجار کاریگەریی نەرێنی لەسەر کولتووره لۆکاڵییەکان بەجێدەهێڵێت و بەرەو کەناری گۆڕان و لەناوچوون پاڵیان پێوەدەنێت (دیورنغ، ٢٠١٥: ٢٣٦). لەم نێوەندەدا بەشێک لە کولتوورەکان کە هەژمونی ئابووری و ڕامیارییان لەپشتبوو، توانیان بە سنوورەکاندا بپەڕنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تەواوی ئامرازەکانی بڵاوکردنەوە خرانە خزمەت پرۆسەکەوە، تاکو "کولتوورێکی سەردەست"ی خوازراو لە جیهاندا دروستبکرێت و بەشێکی زۆری کولتوورەکانی تر وەک "کولتوورێکی ژێردەستە" هەوڵی تواندنەوەیان بدرێت، کۆمپانیا فرە نەژادەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سینەما، براندەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ لە گرنگترین ئەو ئامرازانەن لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵی باڵایان هەیە.

## پێنجەم: پەرەپێدان لە دید و تێڕوانینە جیاوازەکانەوە

پێواژۆی پەرەپێدان؛ پرسێکی فرە ڕەهەندە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز لەئاست چییەتیی پێواژۆکەو ئامانج و مەبەستەکانیدا بوونی هەیە، لەدوای بەجیهانیبوونەوە، بەتایبەت لەقۆناغی پۆستمۆدێرنەدا دوای ئەوەی پارادایمەکانی توێژینەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هات، دید و ڕێبازی جیاواز لەئاست پرسە گرنگەکانی ئەم سەردەمەدا پەیدابوون، تەنانەت وردتر لەوەش ڕێچکەکانی ناو هەر ڕێبازێک بۆخۆیان جیاوازتر لەوانی تر لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ هەر بابەتێک دەکەن. بۆیە "پرسی پەرەپێدان"یش هاوشێوەی هەر پرسێکی تر لە دید و گۆشەنیگای جیاوازەوە لێیدەڕوانرێت و خوێندنەوەی بۆدەکرێت، بەشێکی ڕێچکەکان "پەرەپێدان" لە چەشنی دیارییەکی خودایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دواکەوتوویی و هەژاری و برسێتی دەبینن، لە کاتێکدا بەشێکی تریان خودی "پێواژۆی پەرەپێدان" بە سەرچاوەی فراوانتربوونی مەودای جیاوازییەکانی نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو دەزانن، تەنانەت پێیانوایە کێشەکانی بوونی هەژاری و برسێتی لەم سەردەمەی ئێستادا، کە سەردەمی لێشاوی شمەک و بەرهەمی خۆراکی و مادییە بۆ میکانیزمی پەرەپێدان دەگەڕێتەوە، چونکە میکانیزمێکی

نیولیبراڵییە و لە هەناوی سیستمی سەرمایەدارییەوە هەڵقوڵاوە، بە بەڵگەی ئەوەی وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن هەژموونی ئابووری-ڕامیاری پراکتیزەی دەکەن، بە دەربڕینێکی تر ئەم میکانیزمە جگە لە پڕوپاگەندەیەکی "سەراب" ئاسا هیچی تر نییە.

جیاوازیی تێڕوانینەکان؛ زیاتر لە نێوان (نیولیبراڵەکان، ڕادیکاڵەکان)دا ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە لێرەدا هەوڵدراوە پەرەپێدان بەگوێرەی تێڕوانینی هەریەک لەو دوو ڕەوتە بخرێتەڕوو:

## ١-٥- پەرەپێدان لە تێڕوانینی نیولیبراڵەکانەوە

جیهان لەسەدەی بیست و یەکدا؛ ئەزموونێك پێشکەشدەکات، پێشتر لەوێنەی نەبووە، بەجۆرێك ئەوکەسانەی چەند دەیەیەك پێشتر لەدایکبوون پێی سەرسامدەبن، (پانتایی و کات) بەهۆی داهێنراوی ئامێرە بچوکەکانی پەیوەندیکردنەوە تادێت بەرتەسکتر دەبنەوە، ساڵانە ملیۆنان کەس لەپێناو دۆزینەوەی کار و چێژوەرگرتن لەژیان و پەیڕەوکردنی ئەزموونی نوێدا، بەسەر ئاسمانی کیشوەرەکاندا تێدەپەڕن، تەنانەت ملیارەها کەس توانایان هەیە شتانێك بزانن و ئەنجامیبدەن، کە ڕەنگە دایك و باوك و باوباپیرانیان خەونیشیان پێوەنەبینیبێت. لە هەموو ئەمانە سەرسوڕهێنەرتر و نەخوازراوتر بوونی دیمەنەکانی هەژاری و بەردەوامییانە، ملیارەها کەسانی تر ئاسۆکانی ژیانیان زۆر سنووردار و کورت مەودان، لەوکاتەی فڕۆکەکان بەسەر ئاسمانی ئەماندا دەپەڕنەوە، بەئامێر و کەرەستەی سادەوە خەریکن لەسەر زەوییە ڕەقەکان بژێوی ڕۆژانەیان پەیدابکەن، یان بەسەر شەقامی شارەکاندا بەدوای کۆکردنەوەی شوشەی بەتاڵ و کیسەی نایلۆندا دەگەڕێن، تاکو تەنیا ژەمێکی خۆراکی پێبکڕن، لەهەمووی سەرسوڕهێنەرتر بوونی هەردووکیانە لەیەك پانتایی و شوێندا، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەمەندترین شارەکانی جیهان گۆشەی تاریکی هەژارییان تێدایە و لە هەژارترین وڵاتانیشدا هەندێك لە دەوڵەمەندەکانی جیهان بوونیان هەیە. بەڵام بەگشتی لەماوەی (٥٠) ساڵی ڕابردوودا جیهان پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینیووە، بۆنموونە تێکرای تەمەنی چاوەڕوانکراو (١٠-٢٠ ساڵ) زیادیکردووە، هەرچەند ئەوکەسانەی لە هەژاریی داهاتدا دەژین بەژمارە زۆرتربوون، بەڵام بەرێژە دابەزینی بەخۆیەوە بینیووە (Fukuda-Parr and others, 2002: 1-4). بۆیە پەرەپێدانی درێژخایەن؛ لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا ئاڵنگارییەکی ناچاریی ناوەندییە، لەبەرئەوەی جیهانی ئەمڕۆ خەریکە بەتەواوی خۆی شەکەت دەکات، هەژاری بەناو کۆمەڵگە و خێزانەکاندا بڵاوبۆتەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانە (گۆڕانکارییە ئاووهەواییەکان) هەڕەشە لە بەردەوامیی ژیانی بەشێکی زۆری دانیشتووانی سەر زەوییەکەمان دەکەن، پێکدادان و بەریەککەوتنەکان توندتر و نایەکسانییەکان قوڵتربوونەتەوە، بۆیە ئەگەر ڕێگا و شێوازەکانی ژیانمان نەگۆڕین، ئەم قەیرانانە بۆ ئاستێکی باڵاتر هەڵدەکشێن و ڕەنگە ئیتر توانای چارەسەرکردنیان نەمێنێت. هەموو ئەمانە پاڵنەری سەرەکین بۆئەوەی سەرکردەکانی جیهان هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە "ئەجێندایەکی نوێی پەرەپێدان" یەکبخەن (ساکس، ٢٠٢١: ٧٥).

کەواتە زۆر گرنگە هەمووان پەیڕەوی لەو برگە و پیکهاتانە بکەین، کە ساڵانە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەهاوبەشیی دەوڵەتانی جیهان لەچوارچێوەی کۆنفرانس و بڵاوکراوەکاندا دەخرێنەڕوو، هەروەك چۆن ئەوروپای دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەهۆی پرۆژە و (پلانی مارشاڵ)ـەوە گەیشتە ئاستێکی بەرزی پەرەپێدان. بۆیە دەکرێت وڵاتانی هەژار و دواکەوتووی ئەمڕۆ، سود لەهاوکارییە مادی و تەکنیکییەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو و کاری ڕێکخراوە جیهانییە فرەنەژادەکان وەربگرن، کە لەڕاستیدا جگە لە چەند وڵاتێکی کەمی باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هیچ کام لەوڵاتانی تر بەهۆی بارودۆخی ناوخۆییانەوە نەیانتوانیووە ئەو هاوکارییانە بقۆزنەوە و بەهۆیەوە وەرچەرخان و پەرەی ئابووری و ڕامیاری دروستبکەن، لەکاتێکدا بەگوێرەی ئاماری لیژنەی هاوکاریی پەرەپێدان (DAC) لەڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و پەرەپێدان (OECD)، خەرجییەکانی هاوکاری تەکنیکی بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم لەساڵی (١٩٩٩)دا نزیکەی (١٤،٣) ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە، ئەمەش بڕێکی یەکجار زۆرە، ئەگەر هاوکارییەکانی ڕاهێنان و وەبەرهێنانەکانی تری لەگەڵدا هەژماربکرێن، ئەو بڕە نزیك لە دووهێندە، واتە بۆ زیاتر لە (٢٥) ملیار دۆلار بەرزدەبێتەوە. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە و تاکو ئێستا کاری لەسەرنەکراوە، بریتیە لە (بەخۆماڵیکردن) ی ئەو هزر و تەکنیکانە کە لەوڵاتانی پێشکەوتووەوە پێشکەشدەکرێن، بێگومان ئەمەش لەچوارچێوەی بەدامەزراوەکردن و پەیڕەوکردنی سیستمی

دیموکراسیەوە بەئامانج دەگات (Fukuda-Parr and others, ٢٠٠٢: ٤-٥).

کەواتە لەدیدی نیولیبراڵەکانەوە؛ تێکچوونی دۆخی ژینگەیی جیهان، لەئەستۆی هەموواندایە و پێویستە ڕێگەچارەی هەمووەکیش بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی جێبەجێبکرێت، جگە لەوەی نابەرانبەریی ئاستی پێشکەوتنی وڵاتان بە دۆخی ناوخۆی هەر وڵاتێکەوە پەیوەستە، هەروەها ئەوەی لەسەر وڵاتانی پێشکەوتوو بووە، لەڕووی هەریەك لە هاوکارییە (دارایی، تەکنیکی، ڕاهێنان، وەبەرهێنان)هوە بەئەنجام گەیەنراوە، بەڵام دواجار سیستمی ناوخۆی وڵاتانی دواکەوتوو خۆیان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، کە بەرەو پەرەسەندن هەنگاوهەڵبگرن، یاخود لەهەمان دۆخدا بمێننەوە.

## ٥-٢- پەرەپێدان لە تێڕوانینی ڕادیکاڵەکانەوە

ڕادیکاڵەکان؛ لەئاست ئەو نابەرانبەرییەی لە بەرەوپێشچوونی وڵاتانی جیهاندا دروستبووە، بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازتریان هەیە، ئەوان وەك هەمیشە "وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە" بە شوێنگرەوەی "ئاراستەکردنی کۆمەڵگە" دەزانن و پێیانوایە میکانیزمی "پەرەپێدان" هاوشێوەی هەر میکانیزمێکی تری نیولیبراڵی، بۆ ئاراستەکردنی تەواوی کۆمەڵگەکانی جیهان لە بەرژەوەندیی سیستمی سەرمایەداریی بەکاردەهێنرێت.

بە بڕوای بەشێکی زۆری ڕادیکاڵەکان، لە پەرەپێداندا هەردوو چەمکی (ڕامیاری و ڕادیکاڵ) دوو چەمکی گرنگن و بوونیان پێویستە، تاکو گەشەکردنێکی کۆمەڵایەتیی هەمەلایەن بەرجەستەببێت، چونکە تەنیا گەشەکردنی ئابووری نابێتە پێوەری پەرەپێدان، بەڵکو دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهات و بەگەڕخستنی گەشەی ئابووری بۆ زۆرینەی دانیشتووان و سەقامگیریی ڕامیاری، هەموویان پێکەوە دەبنە هۆی یەکلابوونەوەی پێواژۆکە، ئەم بۆچوونە (بۆچوونی ڕادیکاڵی) سەبارەت بە پەرەپێدان، لەماوەی دوو دەیەی (شەست و حەفتاکان)ی سەدەی ڕابردوودا، لەدوای ئەوەی کە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی سێیەم سەربەخۆبوون، لە دانیشتنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕەنگیاندایەوە، گرنگترین خاڵ کە زیاتر جەختی لەسەردەکرایەوە بریتیبوو لە زیاتربوونی مەودای نێوان ئەوان و وڵاتانی پیشەسازی، بۆیە پێویستە دووبارە ڕێوشوێنەکانی دابەشکاریی داهاتی نێودەوڵەتی و کاری ڕێکخراوە جیهانییەکان گۆڕانکارییان تێدابکرێت، هەموو ئەم بیرۆکانە لە بڕیارنامەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی (١٩٧٤)دا خرانەڕوو، دوابەدوای ئەم هەوڵانە و لەساڵی (١٩٧٥)دا ڕێکخراوی (داگ هامێرشۆڵد) ڕاپۆرتێکی لەژێر ناونیشانی (پەرەپێدان و هاوکاریی نێودەوڵەتی) دا بڵاوکردەوە، بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستبوو جارێکی تر پێکهاتەی ڕامیاری ئابووری جیهان بگۆڕێت و چاکسازی لە (خاوەندارێتی زەویی کشتوکاڵی، شارەکان، دابەشکردنی سامان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەسەر ئاستی جیهان و کاری ڕێکخراوە جیهانییەکان) دا بکات (لیفت ویک، ٢٠٠٩: ٥٤-٥٥).

بێگومان هەموو ئەمانەش بۆ بەرژەوەندیی وڵاتانی پیسەسازی و وڵاتانی گەشەکردوو مەترسیەکی گەورە بوون، بۆیە دوای ئەوەی لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای دەیەی هەشتاکاندا هزری ئابووری و ڕامیاریی "نیولیبراڵەکان" وەك پێویستییەکی پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتانی گەشەکردووی ڕۆژئاوا، چەشنی دیسپلینێکی نوێی ئابووری سەریهەڵدا، ئیدی هێواش هێواش خواستە ڕادیکاڵییەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم گرنگیی خۆیان لەدەستدا و هیچ هیوایەك بۆ هاتنەدییان نەهێڵرایەوە (Krasner, 1985: 68).

هەروەها پێیانوایە تیۆری "پەرەپێدانی نابەرانبەر" لە پانتاییە جوگرافیاییەکاندا؛ پێویستیی بە دووبارە سازکردنەوە هەیە، لەسەرئاستی جیهان بەشێکی زۆری شارەزایانی ئابووریی سیاسی (سەرەڕای ئەوەی بەگوێرەی جۆری سیستمی ئابووری، دید و پێوەری جیاواز بوونی هەیە) لەهەمان کاتدا بەتێکڕا لەسەر ئەوە کۆکن، کە تیۆری (پەرەپێدانی نابەرانبەر) شیکاری و چاکسازیی زیاتری دەوێت، لەبەرئەوەی "پەرەپێدان" نەیتوانیوە خۆشگوزەرانیی هەمووەکی بەدەستبهێنێت، تەنانەت وادەردەکەوێت نابەرانبەرییە جیۆگۆافی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو جیهانی سەرمایەداریی لەم دەیانەی کۆتاییدا زیادیانکردووە، جگە لەوەی بەڵێنی "کەمکردنەوەی هەژاری" بە میکانیزمی بازاڕی ئازاد، کە گرنگترین ستراتیژی سەرمایەداریی بوو، بەرجەستە نەبوو، لە سەرووی هەموویانەوە وێرانبوونی ژینگە و تێکچوونە کۆمەڵایەتییەکانیش

بەشێوەیەکی نابەرانبەر دابەشبوون. بێگوومان هیچ شتێکی نوێ دەربارەی پەرەپێدانی نابەرانبەر لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداری یان هەر سیستمێکی تری بەرهەمهێناندا بوونی نییە، تەنیا کۆمەڵێك لێکدانەوەی ڕەخنەیی و تێڕوانینی هزریی نەبێت، کە تێوەگلانی سیستمەکە بەو جۆرە پەرەپێدانە پشتڕاست دەکەنەوە. ئەوانیش بریتین لە (هاروی، ١٣٩٩: ٧٧-٨٢):

### ٥-٢-١- لێکدانەوەی مێژووگەرایی:

بەگوێرەی ئەم لێکدانەوەیە؛ لە گەشەکردنی ئابووریی سیاسیی وڵاتانی پێشکەوتوو (ڕۆژئاوا)دا، پێگەی وڵاتانی پێشکەوتوو بە بزوێنەری سەرمایەداری دەچوێنرێت، کە تەواوی دەوڵەتان، کولتوورەکان و شوێنەکانی تر لە ڕەوتی پێشکەوتنی ئابووری، سیاسی و هزریدا ڕۆڵیان هەبووە، یاخود بۆ پێشخستنی ئەم سیستمە بەکارهێنراوون، بەجۆرێك بەبێ پاڵپشتی و پشتیوانیی سیستمەکە هیچ کامیان ناتوانن بنەمای پەرەپێدانی خۆیان پێکبهێنن، چونکە ڕۆڵیان لە بەهێزکردنی سیستمەکەدا زیاترە وەك لە پێشخستنی خودی خۆیاندا، هەربۆیە جگە لە (ژاپۆن و چەند وڵاتێکی کەمی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا)، هیچ جەمسەرێکی تری پێشکەوتن و گەشەسەندن لە جیهاندا بەدیناکرێت، زۆرینەی وڵاتان لە (ژووری چاوەڕوانیی مێژوو) دا ماونەتەوە، یاخود دەتوانین بڵێین هێڵراونەتەوە.

### ٥-٢-٢- ئارگیۆمێنت (مشتومڕ) ی ڕێکخراوەیی:

زیاتر لەسەر "فراوانکردنی بازنەی دواکەوتوویی" جەختدەکەنەوە، پێیانوایە سیستمی سەرمایەداری بەپشتیوانیی پرۆسە سیاسی، ڕێکخراوەیی و جیۆپۆلەتیکیەکانی ولاتانی زلهێز، کۆمەڵێك کاری خراپ بەکارهێنانی لە چوارچێوەی ئیمپریالیستی (داگیرکاری و داگیرکاریی نوێ) دا ئەنجامداوە، تیایدا خاك و دانیشتووان و کولتووری وڵاتانی داگیرکراو بۆ گەشەی ئابووریی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەکارهێنراوون، بۆیە پێیانوایە ئەم پرسانە؛ ڕیشەیان لە دروستبوونی (پەرەپێدانی نابەرانبەردا) هەیە، تەنانەت بوونی مەترسیی توانەوە و وێرانکردنی توانایی لۆکاڵی و تایبەتمەندییە کولتوورییەکان لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهاندا، بەویستی ئەم هێزانەوە گرێدراوون. لە هەمان کاتدا وڵاتانی زلهێز توانیویانە بە سوودوەرگرتن لە خاك و دەرامەتی سروشتیی وڵاتانی داگیرکراو پێشکەوتن و ژیانێکی شایستە بۆ وڵاتانی خۆیان مسۆگەربکەن و بەکۆتا ئاستی (پەرەپێدان) بگەن.

### ٥-٢-٣- مشتومڕ و پاساویی ژینگەگەرایان:

لایەنگرانی قوتابخانەی ژینگەیی؛ پرسی بارودۆخی ژینگەیی بە دەرکەوتن و پێشکەتنی گەلانەوە دەبەستنەوە، سەرەتای دروستبوونی "ئەم مشتومڕە" لانی کەم بۆ سەردەمی (مۆنتیسکۆ و ڕۆسۆ) دەگەڕێتەوە، زۆرجار لێدوان و بۆچوونەکانیان بەوە لەکەدار دەکرێن، کە لەگەڵ نەژادپەرستی و سەردەستەیی کولتووری ئەوروپایی و ڕۆژئاواییەکاندا یەکدەگرنەوە، کۆی گشتیی دید و بۆچوونەکانیان لە پەیوەندیی نێوان گەشە و بارودۆخی ژینگەییدا چڕدەبنەوە و پێیان وایە ئەوە ژینگەیە لەسەر پیشکەوتن و گەشەکردنی هەرێم و گەلانی جیاوازی جیهان بڕیاردەدات، تاکو ئێستاش ئەم بۆچوونە لەناونەچووە و ماوەتەوە، بەجۆرێك لەم ساڵانەی دوایدا بینیمان، کەچۆن دروشم و ئارگیۆمێنتی ڕێکخراوە (سەوز)ـەکان، لەژێر کاریگەریی هەردوو (جێرد دیامۆند و جێفری ساکس)ـدا دەربارەی سنووردارییەکانی ژینگە و دووچاربوون بە هەندێ لە گرفت و نەخۆشییەکان (بۆنموونە توشبوون بە مەلاریا لە ناوچە کەمەرەییەکان) زەقکرانەوە، بەو مەبەستەی پیشانیبدەن کە پێشکەوتنی هەر وڵات و هەرێمێك هاوشێوەی گرفتە ژینگەییەکانە و پەیوەندیی بە ویست و خواستی وڵاتانی پێشکەوتووەوە نییە.

کۆی گشتیی تێڕوانینی ڕادیکاڵەکان لەسەر پێواژۆی پەرەپێدان، لەوەدا کورتدەبێتەوە؛ کە گرەوی پەرەسەندنی وڵاتانی پێشکەوتوو (کۆی سیستمی سەرمایەداری) بە دووانەی: (کەڵەکەکردنی سەرمایە و دەردانی هەرچی زیاتری دوانەئۆکسیدی کابۆن)ـەوە بەستراوەتەوە، ئەمەش هەلومەرجێکی مەترسیدارە و تەواوی جیهان باجەکەی دەدات (هاروی، ١٤٠٠ھ: ١٦٩)، هەروەها سیستمی سەرمایەداری بەتەواوی

میکانیزمەکانییەوە لەسەر دروستکردنی نابەرانبەریەکان گەشەدەکات و پێگەی خۆی بەهێزتردەکات (رویبرتس، ٢٠٠٤: ١٦٩). پەرەسەندنی ناهاوسەنگی جوگرافیایی؛ بریتیە لە چۆنێتی جوڵاندنی پرۆسە وردەکانی لێشاوی سەرمایە لە پنتێکەوە بۆ پنتێکی تری جیهان، وەك فاکتەرێك بەئامانجی ئەوەی هەم پانتایی نوێ بەرهەمبهێنێت، هەم جوگرافیاکان لەدەوری بەرژەوەندییەکانی سیستمەکە چڕبکاتەوە، ئەم میکانیزمە لەچوارچێوەی جوگرافیایەکی بچوکی وەك دەوڵەتێکیشدا پەیڕەویی لێدەکرێت، وەك ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوویدا، کاتێك لە ماوەی (٥٠) ساڵی ڕابردوودا بەشەکانی "ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵات" ناوەندی جوگرافیایی هەموو شتێك بوون، بەڵام دواتر شتێکی تر ڕوویدا، ئەویش بردنی لێشاوی سەرمایە بوو بۆ بەشەکانی "باشوور و ڕۆژئاوا"، ئەم پرۆسە جیۆگرافیانە؛ شێوازگەل (لاندسکەیپ)ی نوێ دروستدەکەن، بەردەوام ناوەندەکان دەگۆڕن، چونکە ئامانجیان گەشەکردنی سەرمایەیە، نەك پەرەسەندنی ناوچە و دەوڵەتان (هارڤەی، ٢٠١٧: ٥٩-٦٠). تەنانەت بەبڕوای (سەمیر ئەمین)، پرسی پەرەپێدان؛ پێگەیەکی ناوەندیی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا هەیە و تا ئێستاش ڕێگەچارەیەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە، لەبەرئەوەی خودی چەمکی پەرەپێدان لە بنەڕەتدا سروشتێکی ڕەخنەیی هەیە، بۆیە ناتوانرێت لەژێر سایەی سیستمی سەرمایەداریی ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی دروست پراکتیزە بکرێت (أمین، ٢٠٠٢: ٩).

تەنانەت لایەنگرانی (تیۆری پاشکۆیەتی) لەسەر ئەو بڕوایەن کە دواکەوتوویی وڵاتان، بەرئەنجامی بنەما و تایبەتمەندییە (ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان)ی کۆمەڵگەکانیان نین، بەڵکو بەرێژەیەکی زۆر بەو پەیوەندییە ئابوورییەوە گرێدراوە، کە لەڕابردوو و ئێستادا لەنێوان (وڵاتانی پەرەسەندووی ناوەند) و (وڵاتانی دواکەوتووی کەنار) لەچوارچێوەی سیستمی پاشکۆیەتیدا بوونی هەیە، بەو واتایەی ئەو کێشە سەرەکییانەی وڵاتانی دواکەوتوو (جیهانی سێیەم) لەگەڵیدا ڕووبەڕوون، بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانیانەوە نییە، بەڵکو زیاتر لەو کێشە دەرەکی و سەپێنراوانەوە سەرچاوەدەگرن، کە لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتووەوە ڕووبەڕوویان دەکرێنەوە. کەواتە بەبۆچوونی لایەنگرانی ڕێبازی پاشکۆیەتی وایدەبینن، ئەو بانگەشەیەی کە تیۆر دارێژەرانی (ڕێبازی نوێسازی) پێوەی پابەندن و دەڵێن: ( ئەزموونی مێژوویی؛ وڵاتانی پێشکەوتووی بەو پەرەسەندنەی ئەمڕۆ گەیاندووە)، جگە لە بانگەشەیەکی بێ بنەما هیچی تر نییە (ساعی، ٢٠١٤: ١٢٤). کەواتە ئەوە ڕوونبوەتەوە، کە سەرمایەداری لەهەوڵی دروستکردنی پەرەپێدانی نابەرانبەردایە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە، کە تائێستاش بەشێکی دیاری تیۆردارێژەران دیاردەکە (پەرەسەندنی نابەرانبەر) بە ڕاستییەکی مێژوویی جیهانیی دەبینن، تەنانەت ئەو پروپاگەندەیە بڵاودەکەنەوە، کە (یاسایەکی جیهانیی مێژووی مرۆڤایەتییە)، یاخود توندتر پێی لەسەرردادەگرن و دەڵێن "خودی مێژوو و کەتواری کۆمەڵگەی مرۆیی" کرۆکی نابەرانبەرییەکانە. بۆیە دەبێت ئەم تێگەیشتنە ڕەتبکرێتەوە و لەجێگەی ئەو ڕاستیەکان زەقبکرێنەوە (Smith, ٢٠٠٨: ١٣٣-١٣٤)، بەوەی بەرهەمەکانی سیستمی سەرمایەداری و میکانیزم و پرۆسە ئاڵۆزەکانی، بەتەواوی جوگرافیا و پانتاییەکانیان بەو نابەرانبەرییانە بەرهەمهێناوەتەوە، تاکو درێژە بە تەمەنی خۆی بدات و دەرفەتی نوێبوونەوەی هەبێت.

## دەرئەنجامەکان:

توێژینەوەکە بەم ئەنجامانە گەیشتووە، گرنگترینیان بریتین لە:

١: پەرەپێدان؛ لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا لەهەریەک لە قۆناغەکاندا بوونی هەبووە، بەڵام مەبەست و ئامانجی جیاوازی هەبووە، تەنانەت پێگەی مرۆڤ لەناو پێواژۆکەدا بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

٢: بۆچوون و دیدی هەریەك لە ماڵتۆسی و ماڵتۆسییە نوێیەکان، لەگەڵ بۆچوون و جیهانبینیی ڕەوتی (دیدی پەرەپێدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە دانیشتووانییەکان)، سەبارەت بە "پەیوەندیی نێوان دانیشتووان و پێواژۆی پەرەپێدان" جیاوازییان هەیە، جیاوازییەکەش بۆ دەرئەنجامی دواکەوتوویی دەگەڕێتەوە.

٣: هەریەک لە چەمکی پەرەپێدان و پەرەپێدانی مرۆیی یەک سەرچاوەیان هەیە، مەبەستیان نەهێشتنی دواکەوتووی و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی دانیشتووانە لە هەرێم و ناوچە جیاوازەکاندا.

٤: تەقینەوەی دانیشتووان لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوە، کۆمەڵێک لێکەوتەی نەرێنیی لە هەریەک لە ئاستەکانی: (ئابووری، ژینگەیی و کولتووری)دا هەبووە، کە دواجار نشانەدەری نەرێنیی پەرەپێدانی مرۆیی بەرهەمهێناوە.

٥: پارادایم و ڕوانگە جیاوازەکان؛ دەربارەی پێواژۆی پەرەپێدان خوێندنەوە و دارشتنەوەی جیاوازییان هەیە، "نیۆلیبراڵ"ـەکان بە ڕابەریی وڵاتانی زلهێز و (نەتەوەیەکگرتووەکان)، چەشنی تاکە چارەسەر بۆ نەهێشتنی (دواکەوتوویی و برسێتی و هەژاری)ـەکان دەبینن، لە کاتێکدا "ڕادیکاڵ"ـەکان خودی پێواژۆکە بە سەرچاوەی هەریەک لە (دواکەوتوویی و برسێتی و نابەرانبەری)ـەکان دەزانن.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:


١: ساعی، ئەحمەد. (٢٠١٤). "ڕێبازە هاوچەرخەکانی بیری گەشەسەندن"، وەرگێڕانی: لوقمان سەمیعی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، کوردستانی عێراق.

٢: قەوام، سەید عەبدولعەونی. (٢٠٠٩). "جیهانیبوون و جیهانی سێیەم و ئاسایشی نەتەوەیی"، وەرگێڕانی: سەلاح جەعفەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، کوردستانی عێراق.

٣: لیفت ویك، ئادریان. (٢٠٠٩). "سیاسەت و گەشەسەندن لە جیهانی سێیەمدا"، وەرگێڕانی: مێهدی میهرپەروەر، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، کوردستانی عێراق.

٤: هارڤەی، دەیڤد. (٢٠١٧). "لیبراڵیزمی نوێ-ئیمپریالیزمی نوێ-خەباتی شار"، وەرگێڕانی: بابان ئەنوەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، کوردستانی عێراق.


### سەرچاوە عەرەبییەکان:


١: ابيليس، مارك. (٢٠١٧). أنثروبولوجيا العولمة، ترجمة: عبدالحميد بورايو، الطبعة الأولى، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيـع، ديمشق، سوريا.

٢: الأشرم، محمود. (٢٠٠٧). التنمية الزراعية المستدامة (العوامل الفاعلة)، الطبعة الأولى، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، لبنان.

٣: أمين، سمير. (٢٠٠٢). الإقتصاد السياسي للتنمية في القرنين العشرين والواحد والعشرين، ترجمة: فهيمة شرف الدين، الطبعة الأولى، دار الفارابي، بيروت، لبنان.

٤: انجهام، بربرة. (٢٠١٠). الإقتصاد وللتنمية، ترجمة: حاتم حميد محسن، الطبعة الأولى، دار كيوان للطباعة والنشر والتوزيـع، دمشق، سوريا.

٥: اويني، مرتضى. (٢٠١٦). التنمية وأسس الحضارة الغربية ( التقدم الاقتصادي أم التكامل الثقافي)، الطبعة الأولى، مركز الحضارة لتنمية-سلسلة الدراسات الحضارية، بيروت، لبنان.

٦: باغتشي، أميا كومار. (٢٠١٩). العبور الخطر (الجنس البشري والصعود العالمي لرأس المال)، ترجمة: عمر سليم التل، الطبعة الأولى، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت، لبنان.

٧: جونسن، هازل وجوردن ويلسون. (٢٠١١). التعلم من أجل التنمية (مسائل في التنمية)، ترجمة: عبدالحميد محمد دابوه، الطبعة الأولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة، مصر.

٨: حجيلة رحالي وبوخالفة رفيقة. (٢٠١٦). التنمية من مفهوم تنمية الاقتصاد الى مفهوم تنمية البشر، مجلة دراسات في التنمية والمجتمع، عدد الثالث، نسخة الكترونية بدون صحيفة.

٩: حلاوة, جمال و على صالح. (٢٠١٠). مدخل الى علم التنمية، الطبعة الأولى، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

١٠: الدعبوسي، أحمد سامر. (٢٠١٠). التنمية والسكان، الطبعة الأولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

١١: ديورنغ، سايمون. (٢٠١٥). الدراسات الثقافية (مقدمة نقدية)، ترجمة: ممدوح يوسف عمران، الطبعة الأولى، عالم المعرفة: سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون ولاداب-الكويت.

١٢: روبيرتس، ج. تيمونز. (٢٠٠٤). من الحداثة الى العولمة (رؤي ووجهات النظر في قضية التطور والتغيير الاجتماعي)، الجزء الأول، ترجمة: سمر الشيشكلي، سلسلة عالم المعرفة، الكويت.

١٣: روبيرتس، ج. تيمونز. (٢٠٠٤). من الحداثة الى العولمة (رؤي ووجهات النظر في قضية التطور والتغيير الاجتماعي)، الجزء الثاني، ترجمة: سمر الشيشكلي، سلسلة عالم المعرفة، الكويت.

١٤: زكي، رمزي. (١٩٨٤). المشكلة السكانية وخرافة المالتوسية الجديدة، الطبعة الأولى، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون ولاداب-الكويت.

١٥: ساكس، جفري. (٢٠٢١). عصر التنمية المستدامة، ترجمة وتقديم: محمد جياد الأزرقي، الطبعة الأولى، منشورات الجمل، بغداد، العراق.

١٦: سردار، عبدالرحمن سيف. (٢٠١٥). التنمية المستدامة، الطبعة الأولى، دار الراية للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

١٧: عاشور، أشرف محمد. (٢٠٠٨). جغرافية التنمية في عالم متغير، الطبعة الأولى، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، مصر.

١٨: عبدالعال، أحمد محمد. (٢٠١١). جغرافية التنمية (مفاهيم نظرية و أبعاد مكانية)، الطبعة الأولى، مكتبة جزيرة الورد للنشر والتوزيع، قاهرة، مصر.

١٩: عطوي، عبدالله. (٢٠٠٤). السكان والتنمية البشرية، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، بيروت، لبنان.

٢٠: علام، سعد طه وعبدالعال، فريد أحمد. (٢٠١٣). اقتصاديات التنمية البشرية، الطبعة الأولى، مطبعة الأنجلو المصرية، مصر.

٢١: العيسوي، ابراهيم. (١٩٨٤). انفجار سكاني أم أزمة تنمية، الطبعة الأولى، دار المستقبل العربي، بيروت، لبنان.

٢٢: غنيمي، زين الدين عبد المقصود. (٢٠٠٧). الجغرافي المعاصر والتنمية (الحقيقة الغائبة)، طبعت بدعم كريم من مؤسسة الكويت للتقدم العلمي، رسائل الجغرافية ٣٣١، الكويت.

٢٣: القاسمي، محمد جواد أبو. (٢٠١٧). نظرية الثقافة، ترجمة: حيدر نجف، الطبعة الثانية، مركز الحضارة لتنمية الفكر الإسلامي، بيروت، لبنان.

٢٤: القصيبي، غازي عبدالرحمن. (١٩٩٢). التنمية (الأسئلة الكبرى)، الطبعة الأولى، دار الفارس للنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

٢٥: كاسين، روبيرت واخرين. (٢٠٠١). السكان والتنمية (نقاشات قديمة واستنتاجات جديدة)، ترجمة: علي حجاج، الطبعة الأولى، دار البشير للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

٢٦: كوهين، جويل إي. (٢٠١٨). مستقبل السكان، كتاب: ماذا يخبئ المستقبل للعالم، تحرير: ريتشارد ن. كوبر و ريتشار لايارد، ترجمة: محمد رفعت عواد و مصطفى خلف عبد الجواد، الطبعة الأولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة، مصر.

٢٧: لبيب، علي. (٢٠٠٤). جغرافية السكان (الثابت والمتحول)، الطبعة الثانية، دار العربية للعلوم، بيروت، لبنان.

٢٨: مرقس، وداد وأحمد السيد النجار. (٢٠٠٥). السكان والتنميه فى مصر، دراسه وتحرير: ناديه فرح، الطبعة الأولى، هيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، مصر.

٢٩: مستقبلنا المشترك. (١٩٨٩). اعداد اللجنة العالمية للبيئة والتنمية عام ١٩٨٧، ترجمة: محمد كامل عارف، عالم المعرفة: سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون ولاداب-الكويت.

٣٠: الموسى، عبد الرسول. (١٩٨٢). دراسة في علاقة التوزيع الجغرافي للسكان والتنمية في الكويت، مجلة العلوم الاجتماعية (تصدر عن

جامعة الكويت)، العدد الثالث، الكويت.

٣١: نورالدين، سعاد. (٢٠١٠). السكان والتنمية (مقاربة سوسيوتنموية)، الطبعة الأولى، دار المنهل اللبناني، العدد الثالث، بيروت، لبنان.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

١: احمدی, علی و علی حاجی نژاد. (١٣٨٩هـ). تخریب محیط زیست مانعی در برابر توسعه پایدار، مجموعه مقالات چهارمین کنگره بین المللی جغرافیدانان جهان اسلام (ICIWG)، زاهدان، ایران.

٢: شکوئی، حسین. (١٣٩٤هـ). اندیشەهای نو در فلسفه جغرافیا (جلد دوم): فلسفەهای محیطی و مکتبهای جغرافیایی، چاپ یازدهم، مؤسسه جغرافیایی و کاتوگرافی و گیتاشناسی، تهران، ایران.

٣: هاروی، دیوید. (١٣٩٩). فضاهای نولیبرال سازی (مقدمەای بر نظریه توسعه نابرابر در فضاهای جغرافیایی)، چاپ اول، نشر ثالث، تهران، ایران.

٤: هاروی، دیوید. (١٤٠٠هـ). انتشار دی اکسیدکربن و تغییرات اب و هوایی، فصلنامه نقد اقتصاد سیاسی؛ شماره بیستم، پایز ١٤٠٠، ترجمەی: حسین رحمتی، ایران.

٥: ویـچ، ادریان لفت. (١٤٠٠هـ). دولتهای توسعەگرا (پیرامون اهمیت سیاست در توسعه)، ترجمەای: جواد أفشارکهن، نشر اول، نشر پیله، تهران.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1: Capacity of Development: (new solutions to old problems), (2002). Edited by; Sakiko Fukuda-Parr, Carlos Lopes and Khalid Malik, first edition, Earthscan Publications Ltd London and Sterling, Virginia.

2: Krasner, S. D. (1985). Structural Conflict; The Third World Against Global Liberalism, First Paperback Edition, (Berkeley, CA, University of California Press), United States of America.

3: Liberalism in Neoliberal Times (Dimensions, Contradictions, Limits), (2017). Edited by; Alejandro Abraham-Hamanoiel, Des Freedman, Gholam Khiabany, Kate Nash and Julian Petley, Goldsmiths Press, United States of America.

4: Population, Development, and the Environment (Challenges to Achieving the Sustainable Development Goals in the Asia Pacific), (2019). Edited by: Helen James, published by the registered company Springer Nature Singapore Pte Ltd.

5: R. Barcus Holly and Keith Halfacree. (2018). An Introduction to Population Geographies (Lives Across Space), First Edited, Routledge Publications, New York, United States of America.

6: Sen, Amartya. (2000). Development as Freedom, Fourth Printing, Alfred A. Knopf, New York, United States of America.

7: Smith, Neil. (2008). Uneven Development: (Nature, Capital, and the Production of Space), Third edition, by The University of Georgia Press, Printed digitally in the United States of America.